زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# فانتازیا لە ڕۆمانی (میرنامە)ی جان دۆستدا

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردی) کراوە وەک
بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی
بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی (کوردی)

ئامادەکراوە لەلایەن:

**عبداللە سعداللە سلیم**

**مەڕوان طارق کمال**

بەسەرپەرشتی:

**م.بەهزاد موحسین ڕەئوف**

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەو توێژینەوەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە وەک پێویستییەک بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

ناو: م.بەهزاد موحسین ڕەئوف

ڕێککەوت: ٢٠٢٤/٣/٢٧

# پێشکەشە بە

- هێزی ئەژنۆم: باوکم
- میهرەبانترین ئافرەتی دونیا، ئەو کەسەی بە نزاکانی ئەو گەیشتمە ئێرە: دایکم
- ئەوانەی کە لە یەک جەرگ و خوێنی منن: خوشک و برا گەوهەرەکانم.

# سوپاس و پێزانین


- سوپاس و پێزانینم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی پەروەردە-شەقلاوە-بەشی زمانی کوردی و سەرجەم مامۆستایانی ئەو بەشە هەیە.
- سوپاسێکی تایبەتم هەیە بۆ بەڕێز (م.بەهزاد موحسین رەئوف)، کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەو توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ و لەگەڵم دا ماندوو بوو و ڕێنوێنی کردم.
- سوپاس و پێزانینێکی سیلسییلەییم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە یارمەتییان داوم.

| پێڕست | |
|---|---|
| ناونیشان | لاپەڕە |



| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ٢٢ |
| تەوەرەی یەکەم:- | ١-١٦ |
| سەرەتایەک سەبارەت بە فەنتازیا | ١-٢ |
| زاراوەی فەنتازیا | ٣-٤ |
| چەمک و پێناسەی فەنتازیا | ٤-٨ |
| تایبەتمەندییەکانی فەنتازیا | ٨-٩ |
| جۆرەکانی فەنتازیا | ٩-١٢ |
| فەنتازیا و خەیاڵ | ١٢-١٤ |
| فەنتازیا و واقع | ١٥-١٦ |
| تەوەرەی دووەم | ١٦-٢٢ |
| فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا | ١٦-١٧ |
| سەرچاوەکانی فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا | ١٨-١٩ |
| توخمەکانی چیرۆکی فەنتازیائامێز | ١٩-٢٠ |
| کارەکتەری فەنتازی | ١٩-٢٠ |
| جۆرەکانی کارەکتەری فەنتازی | ٢٠-٢٢ |
| بەشی دووەم | ١٤ |
| تەوەرەی یەکەم | ٢٢-٢٦ |
| کورتەیەک لە ژیان و ناساندنی نوسەر | ٢٢ |
| پوختەی گێڕانەوەی ڕۆمانی (میرنامە) | ٢٣-٢٥ |
| پەیامی ڕۆمانی (میرنامە) | ٢٥-٢٦ |
| تەوەرەی دووەم | ٢٦-٣٥ |
| جۆرەکانی فەنتازیا لە (ڕۆمانەکەدا) | ٢٧-٣٠ |
| دۆخە دەروونیە فانتازیەکان لە (ڕۆمانەکەدا) | ٣٠-٣١ |
| کارەکتەرە فەنتازییەکان لە (ڕۆمانەکەدا) | ٣٢-٣٤ |
| ئەنجام | ٣٥ |

## پێشەکی:

ئاشکرایە فەنتازیا یەکێکە لەو هونەرانەی، کە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا زۆر بەربڵاوە و زۆر لق و جۆریشی لێبۆتەوە. لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا بەشێوەیەک بەرچاوە، بەڵام زۆر کەم توێژینەوەی لەبارەوە کراوە و باس کراوە، جا ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئاشنانەبونمان بێت بەم هونەرە و درەنگ پەی پێبردنمان بێت پێی، بەهۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە هونەرەکانی دیکەی ڕۆمان و چیرۆک درابێ.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە و ئیشکردنمان لەسەری ئەوەیە، بتوانین لە سوچێکی ئەم بابەتە پشتگوێخراوەڕا دەستپێبکەین و ڕێگەخۆشکەربین بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم هونەرە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەو ڕێبازەی لەو توێژینەوەیە پەیڕەوکراوە، بریتییە لە ڕێبازێکی (وەسفی-پراکتیکی).

**گرفتی توێژینەوەکە:** ئەم بابەتە بەهۆی کەم ئاماژەپێکردنی و کەمی سەرچاوە بە جۆرێک بووە ئاستەنگ، بۆیە هەوڵی جددی خۆمانمان لەگەڵی داوە، تاکو بەباشترین شێوە تەواوی بکەین و بە هەوڵی خۆمان و هاوکارانمان سەرچاوەی زیاتر لە زمانەکانی تر دەست بخەین و سودیان لێوەربگرین.

**بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە:** ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشدا دابەشمان کردووە، بەشی تیۆری و بەشی پراکتیکی. هەریەک لەم دوو بەشەش دوو تەوەرەیە.

بەشی یەکەمی لایەنە تیۆرییەکە، ئەم سەرەباسانە لەخۆ دەگرێت لە تەوەرەی یەکەمدا:

(سەرەتایەک سەبارەت بە فەنتازیا)،(زاراوەی فەنتازیا)،(چەمک و پێناسەی فەنتازیا)،(تایبەتمەندییەکانی فەنتازیا)،(جۆرەکانی فەنتازیا)،(فەنتازیا و خەیاڵ)،(فەنتازیا و واقع).

تەوەرەی دووەم: (فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا)،(سەرچاوەکانی فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا)،(توخمەکانی چیرۆکی فەنتازیائامێز)،(کارەکتەری فەنتازی)،(جۆرەکانی کارەکتەری فەنتازی).

بەشی دووەم: بەهەمان شێوە دوو تەوەرەیە، جا تەوەرەی یەکەمی ئەم سەرەباسانە دەگرێتە خۆی:

(پوختەی گێڕانەوەی ڕۆمانی میرنامە)،(کورتەیەک لە ژیان و ناساندنی نوسەر)،(پەیامی ڕۆمانی میرنامە). تەوەرەی دووەم: (جۆرەکانی فەنتازیا لە ڕۆمانەکەدا)،(دۆخە دەروونییە فەنتازییەکان لە ڕۆمانەکەدا)،(کارەکتەرە فەنتازییەکان لە ڕۆمانەکەدا).

لە کۆتایی توێژینەوەکەش بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

تەوەرەی یەکەم:-

## سەرەتایەک سەبارەت بە فەنتازیا

ئەدەبی فەنتازیا، یان ئەدەبی سەرسوڕهێنەر، یان ئەوەی پێی دەگوترێت ئەدەبی فەنتاستیک بەپێی (تۆدۆرۆف): ئەو دوودڵییەیە، کە ئەو خوێنەرە پێی دەگات.

کەوا جگە لە یاسا سروشتیەکان نەبێت نازانێت، وە خۆی لە بەرامبەر بارودۆخێکی سەروسروشتیەوە دەبینێتەوە. کاتێک خۆمان لە بەرامبەر دیاردەیەکی سەیر دەدۆزینەوە دەتوانین لێکدانەوەکەی لە ڕێگەی هۆکارە سروشتیەکان یان سەروسروشتیەکان بۆ بکەین. ئەم دوودڵیەی نێوان ئەم هۆکارانەیە کەوا کاریگەری سەرسوڕهێنەر درووست دەکات.

ئەدەبی سەرسوڕهێنەر(ئەدەبی سەروسروشت) ناسیومانە لە ڕێگەی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) وە ئەدەبی خەیاڵی سەرسوڕهێنەرمان ناسیوە لە ڕێگەی چیرۆکە منالانە بەناوبانگەکانی وەرگیراو لە میرات و بەجێماوەی دانیمارکی نوسەر "هانس کریستیان ئاندرسۆن") (1805-1875).

ئەگەرچی دەستەواژەی (ئەدەبی سەرسوڕهێنەری واقعی) بۆ جاری یەکەم لەلایەن "ئیدمۆن بیکارد" لە ساڵی 1887 بەکارهاتووە. وەهەروەها بەکاریشیهێناوە لە ڕۆمانێکی نوسەری بەلجیکی "فڕانس هلنس" (1881-1972). لە ڕۆمانی (دەرەوەی بایەکان) لە ساڵی (1910). [ویکبیدیا،أدب فانتازي].

فانتازیا یەکێکە لەو جۆرە ڕەگەزانەی، کە کە بواری ئەدەب و هونەر بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردێت،

"فانتازیا"fantasia" لە بواری موزیکدا بە پارچەیەکی کورتی سەربەخۆی ئاسان دەناسرێ، لە وێنە کێشاندا ئەم سیفەتە پۆرترێت دەگەیەنێت، کە دیمەنێکی سەروشتی نەناسراو دەخاتە ڕوو.

فانتازیا لە ئەدەبدا دیاریکردن و دەستنیشان کردنی ئاسان نییە، بەم واتایەی ئێستای داهێنانێکی سەربەخۆ و خۆش دەگەیەنێت. [سەعید،٢٠٢٣،٣].

لە دوای ئەوە، "فڕانس هلنس" لە کارکردن دەربارەی ئەدەبی سەرسوڕهێنەر بەردەوام بوو، لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، چەند کتێبێکیشی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە: (سەرسوڕهێنەری واقعیانە، واقعیانەی سەرسوڕهێنەر، واقعیانەی سەرسوڕهێنەری نوێ، شێواز و ڕوخساری جیاکەرەوە).

وە کۆمەڵە کتێبێکی تری هەیە، کە ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکن. دوابەدوای ئەوەی کەوا "فڕانس هلنس" لەخۆی دەپرسێ، کە ئایا پێویستە فەنتاستیک وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی دابنرێت یاخود وەکو جیاکەرەوەیەکی ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی؟! ئینجا گەڕایەوە سەر ئەوەی ئەمە ڕەت بکاتەوە و بە هیچیانی دانەنێت، بەڵکو ئەدەبی سەرسوڕهێنەری وەکو تێڕوانین، هەستکردن، خەیاڵکردن دانا.

بەڵام "تۆدۆرف" تا ڕادەیەک هاوڕایە لەگەڵ "فڕانس هلنس" بەوەی کەوا دەستەواژەی (ئەدەبی سەرسوڕهێنەر) بە ڕای ئەو دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە ئەدەب، یاخود بە تایبەت بۆ ڕەگەزێکی ئەدەبی، کتێبێکیشی تایبەت کرد بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ ئەدەبی سەرسوڕهێنەر). ئەم ئەدەبەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (ئەدەبی سەروسروشت و ئەدەبی نامۆ) دانا.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، دوای ئەوەی "فڕانس هلنس" ڕەتی کردەوە کەوا وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی پۆلێنی بکات، کتێبێکی دانا بە ناونیشانی (سەرسوڕهێنەری واقعیانە) لە کتێبەکە دوو ئاڕاستەی بۆ ئەم ئەدەبە دانا: دەرەکی و ناوەکی.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە (فەنتازیای دەرەکی) کارەکتەرەکانی درێژکراوەی نێوان (بونەوەرە نێوەندگیرەکان)ە. بەرهەمەکانی: (هۆفمان، پۆ، شمیزۆ، گریم، سەلما لاگرلۆف) لەم جۆرە بابەتەن. جا لە فەنتازیای "ئەنگلۆ-ساکسۆنی" ئەمانەی بەسەردا زاڵە: خێوەکان، ماڵی جنۆکەنشین، پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕۆحەکان، وە هەموو جۆرەکانی پێشبینیکردن(فاڵ گرتنەوە).

بەڵام لای "ئەڵمانەکان" ئەوەی پلەی یەکەمی گرتووە: جادووە، لە پاڵ بوونی کورتەبنەکان و جنۆکەکان و ڕۆحەکان و پەری دەریایی و کەسی سحرلێکراو. بەو واتایەی، کە ئەو بونەوەرانە هەموویان ڕۆڵی نێوەندگیر ئەبینن بەوەی کەوا ڕەگەزێکی ڕۆحانی هەیە و باوەڕی بە بوونی ڕۆح هەیە و وە ناردنی بۆ یەکێکیتر. بەو چەشنە بۆمان بەدەردەکەوێت ئەدەبی فەنتاستیکی "ئەنگلۆ-ساکسۆنی" لایەنێکی ئایینی هەیە بەڵام ئەدەبی فەنتاستیکی "ئەڵمانی" لایەنێکی سەرەتایی هەیە. [ویكبیدیا،أدب فانتازي].

## زاراوەی فەنتازیا

هەرکاتێ لەهەر بابەتێک ویستمان لێکۆڵینەوە بکەین، وا باشترە لە زاراوەکەوە دەستپێبکەین، بۆیە با بزانین زاراوەی(فەنتازیا) لە زمانە جیاجیاکان چۆن لێکدراوەتەوە.

زاراوەی فەنتازیا لە بنەڕەتدا یۆنانییە (phantastikos)، دواتر گواسترایەوە بۆ لاتینی و ئیتاڵی، هەمان زاراوە لە ئیسپانیا ئاماژەی پێکراوە (فانتازیا) بۆ ئاماژەکردن بە خەیاڵ و لەهەمان کاتدا بە واتای پوچی و لوت بەرزی دێت.

لە زمانی ئینگلیزی زاراوەی(fantasy)ی بۆبەکارهاتووە. کە چەشنێکی وێژەیی و هونەرییە، پشت بە ئەندێشە و جادوو و بابەتی سەرو سروشتی دەبەستێ. واتا لە فانتازیادا یاسا و ڕێساکانی سروشت ڕەچاو ناکرێت. [ویکیپیدیا،فەنتازیا].

لە فەرهەنگی (ئینگلیزی – کوردی)ی ئازادیدا زاراوەی فەنتازیای بەواتاگەلێک وەک ((خەیاڵ، داڵغە، خەون، هەوەس، بیرێکی سەیر و نائاسا)) لێکدراوەتەوە. [قەرەداخی،٢٠٠٦،٣٥٢].

لە زمانی عەرەبی بە سودوەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی، زاراوەی فەنتازیا بەچەند ڕێنوسێکی جیاواز وەک (الفنطازيا، الفنتازيا) بەکاردێت، و لە واتاکەشی زاراوە گەلێک وەک ((الخيال، وهم، غريب، غير عادى)) بەکاردەهێنرێت. [عەلی،٢٠١٧،١٩].

لەزمانی فارسیش هەر بە سود وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی، زاراوەی(فەنتازی) بەکاردەهێنرێت، هەندێک جاریش زاراوەی(خیال پردازی) بۆ هەمان مەبەست و واتا بەکاردەهێنرێت. [عەلی،٢٠١٧،٢٠].

لەزمانی کوردیش هەروەکو لە فارسی و عەرەبی، چۆن سودیان لەزاراوە وەرگرتووە، ئەویش بەهەمان شێوە وشەی(فەنتازیا) بەکاردەهێنێت. دەشێ لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەبێ واتای دوور و نزیکی فەنتازیا بگەیەنێت وەک ((خەیاڵ، ئەندێشە، داهێنان، خورافی، ئەفسون، نائاسایی)). [عەلی،٢٠١٧،٢٠]. هەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا "فەرهاد پیربال" لە کتێبی ڕێبازە ئەدەبییەکان دا، کە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و "فانتازیا"ی بەکارهێناوە. بەڵام بۆ ڕەگەز و کەسێتییەکانی فانتازیا، کۆمەڵێک زاراوە هەیە، بەشێکیان لە فۆلکلۆری کوردیدا بونیان هەیە، وەک: تارمایی، فریشتە، جنۆکە، دێو، خێو، سەگسار، خدری زیندە، فڕینی بەرماڵ، شەوە. [سەعید،٢٠٢٣،٤].

ئەگەر سەرنج لە هەموو ئەو واتایانەی کە لە فەرهەنگدا لەبەرامبەر زاراوەی فەنتازیادا بەکارهاتوون بدەین، تێبینی ئەوە دەکەین (خەیاڵ) لە هەموویان زۆرتر دووبارە بۆتەوە، واتە زاراوەی فەنتازیا بەزۆری جۆرە

خۆڕاگرتنێکی لەگەڵ زاراوەی(خەیاڵ) هەیە، بەڵام لێرەدا ئێمە دەبێت سەرنجی ئەوەبدەین کە خەیاڵ خۆی لە خۆیدا چەند جۆرێکی هەیە وەک (خەیاڵی زانستی، خەیاڵی ئیستاتیکی، خەیاڵی کراوە و داخراو ....هتد)، بۆیە ناکرێ بەرامبەر زاراوەی فەنتازیا زاراوەی خەیاڵ کە فرە واتا و فرە چەمکە دابنێین، ئێمە پێمان وایە ئەگەر وشەی (خەیاڵی سەرسوڕهێنەر) یان وشەی (خەیاڵی لە ڕادەبەدەر) یان (خەیاڵی فراوان) دابنێین باشترە، واتە بەجۆرێکبێ کە جۆری خەیاڵەکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فەنتازیا بگونجێت و وشەکە بە فراوانییەوە وەرنەگرین.

"ڕێبوار سیوەیلی" ئاماژە بەوە دەکات، کە ((وشەی فانتازیا لە نەریتی هزری مرۆڤایەتیدا، بە تایبەتی لە ئەرستۆوە بۆ فەیلەسوفە موسلمانەکانی وەک (فارابی، ئیبن سینا) وشەی (بەنتاسیا)یان بە مانای خەیاڵکردنەوە(تەخیل) بەکارهێناوە، لە هزری ئەوروپیشدا ئەو وشەیە پەیوەستە بە توانای مرۆڤەوە بۆ داهێنان، کە لە خەیاڵی سادە جیاوازە)). [سیوەیلی،١٦،٢٠٧].

زاراوەی فەنتازیا لەسەرەتاوە، واتە لە سەرەتای بەکارهێنانیەوە تاکو ئێستا بەچەندین قۆناغ تێپەڕیوە، لە کتێبی (معجم المصطلحات العربیە في اللغە و الأدب) لەبارەی مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا هاتووە ((لە یۆنانی کۆندا ئەرستۆ وشەی فەنتازیای بەمانای خەیاڵ بەکارهێناوە، لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە بەمانای وێنە هەستییەکانی زەین هاتووە، لە سەدەی ئەمڕۆشدا ئەو مانایە فراوان دەبێتەوە و واتای خەیاڵگە یان خەیاڵدان دەگەیەنێت)). [عەلی،٢٠١٧،٢٢].

واتە لێرەدا نوسەر گەشتێک لە واتای زاراوەی فەنتازیا لە سەدەی کۆن، ناوەڕاست و ئێستاشدا دەکات و گۆڕانکارییە واتاییەکانی دەخاتە ڕوو.

## چەمک و پێناسەی فەنتازیا

وەکو لای هەمومان ئاشکرایە لێکدانەوە و پێناسەکردنی ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەب، سەرەتا ئاسان نییە، کە پێناسەیەکی تەواو و پڕ بە پێستی خۆی بۆ بکەین و تەواوی تایبەتمەندی و بنەما پێکهێنەرەکانی لەخۆ گرتبێ.

دیارە لە بارەی بابەتێکی وەک فەنتازیاش کۆمەڵێ بۆچوون و لێکدانەوەی لێکۆڵەر و کەسانی بیرمەند دێنە پێشەوە، بۆیە لێرە هەوڵەدەین بە پشتبەستن بە بۆچونەکانی ئەوان و تێڕوانینی خۆماشمان پێناسەیەکی گونجاو بۆ (فەنتازیا) بدۆزینەوە، کە تەواو و پڕ بەپێستی خۆیبێ.

چەند پێناسەیەکمان هەڵبژاردووە کە بەپێی نزیکی لە بیر و بۆچونیان بەسەر چەند گروپێک دابەشیان ئەکەین، لەوانە:-

گرووپی یەکەم: ئەو گروپە باس لە فەنتازیا وەک جۆرێ لە جۆرەکانی ئەدەب دەکەن، واتە فەنتازیا وەک جۆرێک لە جۆرەکانی چیرۆک دائەنێن. لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەش(تۆدۆرۆف) کە لە کتێبێکی خۆیدا لەژێر ناونیشانی(فەنتاستیک ڕوانینێکی پێکهاتەیی بۆ جۆرێکی ئەدەبی) کە لە ساڵی 1975 بڵاوی کردۆتەوە و بەدوور و درێژی باسی ژانری فەنتازیا دەکات، هەروەکو لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (لەسەیر و سەمەرەوە بەرەو سەرسوڕمان) ژانری فەنتازیای وەکو ژانرێک لە نێوان دوو ژانری(سەیر و سەمەرە و سەرسوڕمان) داناوە و بە تێر و تەسەلی باس لەوە دەکات، کە فەنتازیا لەچ کاتێک دەچێتە ناو خانەی سەیر و سەمەرە و لە چ کاتێکدا دەبێتە سەرسوڕمان.




هێڵکاری ژمارە (1)

لەسەرەتادا پێویستە بزانین سەیر و سەمەرە (غریب) و سەرسوڕمان (عجیب) چین؟ چ جیاوازییەک لە نێوانیان هەیە؟ (تۆدۆرۆف )لەبارەی سەرسوڕمانەوە دەڵێ ((پەیوەندی بە دیاردەیەکی نەناسراوە کە تا ئێستا هەرگیز نەبینراوە، بەڵام لەداهاتوودا ئەگەری ڕودانی هەیە، واتە پەیوەندیدارە بە داهاتووەوە))، هەروەها سەبارەت بە دیاردەی سەیر و سەمەرەش دەڵێ: ((دیاردەیەکی ناسراوە و پێویستی بە پاکانە و ڕوونکردنەوە نییە، چونکە پێشتر تەجرەبە کراوە و بنچینەیەکی ڕابردووی هەیە)). [عەلی،٢٠١٧،٢٤،٢٣].

دوای ناساندنی هەردوو ژانرەکە باس لە فەنتازی دەکات و پێی وایە کاتێ کە خوێنەر گەیشتە کۆتایی چیرۆکەکە و دوای خوێندنەوەی هەموو ڕووداوەکان لە چیرۆکە فەنتازییەکەوە دێتە ناو دونیای واقع و ((بڕیارێک دەدات و ڕێگەیەک دەگرێتەبەر، ئەگەر بڕیارەکەی ئەوەبێ کە یاساکانی سروشت و واقع هەر وەک خۆیان بمێننەوە و هەر ئەم یاسایانە دەرفەتی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی دیکە بدەن، کەواتە لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکە ژانرێکی سەیر و سەمەرەیە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت، واتە خوێنەر بەو ئەنجامەبگات، کە دەبێ کۆمەڵێ یاسای نوێ بۆ سروشت و واقع بدۆزرێتەوە و بە یارمەتی ئەو یاسایانە بتوانرێ ڕوون و شیبکرێتەوە، ئەوە دەچێتە ناو ژانری سەرسوڕهێنەر)). [عەلی،٢٠١٧،٢٥].

کەواتە دوابەدوای ئەوانە بەوە دەگەیەن کە "تۆدۆرۆف" باسی دوو جۆر فەنتازیا دەکات، دووفەنتازیایەک کە یەکێکیان لەنێوان هەریەک لە (سەیروسەمەر و فەنتازیا) دروست دەبێ و (فەنتازیای سەیروسەمەرە) دەخوڵقێنێ، هەروەها ئەوی تریش لەنێوان (فەنتازیا و سەرسوڕمان) دروست دەبێت و (فەنتازیای سەرسوڕمان دەخوڵقێنێ). وەکو ئەمەی خوارەوە:-




هێڵکاری ژمارە (2)

تۆدۆرۆف لەبارەی پێناسەی سەیر و سەمەرەوە دەڵێ: ((ئەگەر بەرهەمە فەنتاستیکەکە کۆتایی، کۆتاییەکی سروشتی و واقعی بوو، ئەوا بەرهەمەکە ئەچێتە ناو خانەی فەنتاستیکی سەیروسەمەرەوە، واتە سەرەڕای ڕوودانی سەیروسەمەرە و سەروی واقعەوە، لەکۆتاییدا چارەسەرێکی سروشتی دەخاتە ڕوو. نمونە بەرهەمەکانی دۆستەفێسکی و ئەدەبی منداڵان و چیرۆکەکانی ئەدگار ئاڵن پۆ، کە لە بەرهەمەکانیاندا لە سەرەتادا ڕووداوی ترسناک درووست دەکەن و دوایی بە لێکدانەوەی سروشتی کۆتایی پێدێت))، هەروەها لەبارەی فەنتازیای سەرسوڕمانیشەوە دەڵێ:

((فەنتازیای سەرسوڕمان، واتە ڕوودان و دەرکەوتنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی دوور لە سروشت و لەسەرووی واقعەوە پێشکەش بکرێن، وەکو قسەکردنی گیانەوەران و فڕین لە ئاسماندا و پیاسەکردن بەسەر ئاودا)). [عەلی،٢٠١٧،٢٦].

لە هەردوو حاڵەت دەبێ باوەڕهێنان هەبێ، بەڵام بەو جیاوازییەی کە لە جۆری یەکەم خوێنەر دەتوانێ لێکدانەوە و هۆی عەقلانی بۆ ڕووداوەکان بدۆزێتەوە، بەڵام لە جۆری دووەم خوێنەر ناتوانێ هۆی لێکدانەوەیەکی عەقلانەیان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە ڕووداوەکان لەسەرووی واقعن، بەڵام خوێنەر هەر بەو شێوەیە کە لە بەرهەمەکەدا هاتووە بڕوای پێدەکات.

دەتوانین بڵێین "تۆدۆرۆف" لە ڕوانگەی خوێنەرەوە سەیری فەنتازیا دەکات و پێی وایە ئەوە خوێنەرە بڕیار لەسەر فەنتازیابوون یان فەنتازیا نەبوون و تەنانەت جۆری فەنتازی دەقی ئەدەبی دەدات.

هەروەها "تۆدۆرۆف" مەرجێکی هەیە بۆ فانتازیا بوون، ئەویش بریتییە لە (ڕاڕایی)، ڕاڕایی بوون لە فانتازیادا مەرجی یەکەم و سەرەکییە، بێ ئەو مەرجە فانتازیا بوونی نییە.[سەعید،۲۰۲۳،۱۷].

گروپی دووەم: کۆمەڵێکی تر پێیان وایە فەنتازیا (شەکل، شێوە)یە، نەوەکو ژانرێک. نموونە وەکو فەنتازیا نووسێکی (ج.ر.ر.تولکین)ە، تولکین لە وتارێکی خۆیدا لەژێر ناونیشانی (لەبارەی ئەفسانەی پەریان)ەوە، کە لە ساڵی 1938 نووسیویەتی، ((بەزۆری فەنتازیا وەک "شەکل" دەناسێنێت، تا ئەوەی وەک "ژانرێک" بیناسێنێت)). [عەلی،۲۰۱۷،۲۹].

ئەو پێی وایە کە فەنتازیا شێوەیەکی نوێی "ئەفسانە"کانە و هەروەها ئەو بنەما سەرەکییانەی کە لە ئەفسانەکاندا هەیە وەکو سحر و جادوو، لە بەرهەمە فەنتازییەکانی ئەو سەردەمەش هەیە.

بەکورتی ئەتوانین بڵێین "تولکین" پێی وایە فەنتازیا درێژە پێدەری ئەفسانەکانی کۆنن لە سەدەی نوێدا، هەروەها "تولکین" دوابەدوای بیر و بۆچونەکانی لەبارەی فەنتازیا، سەبارەت بە ئەدەبیاتی پێناسەی فەنتازیا بەگشتی و ڕەگەزی خەیاڵیش بەتایبەتی دەڵێ: ((ئەدەبیاتی فەنتازی یان خەیاڵی ڕاکردنە بۆ واقع، نەوەکو ڕاکردن لە واقع)). [عەلی،۲۰۱۷،۳۰].

گرووپی سێیەم: ئەم گرووپە وا فەنتازیا لێک دەداتەوە کە فەنتازیا ڕێگەیەکە بۆ باسکردن و دەرخستن ئەو حەز و ئارەزووە کپ کراوەکانەی کە مرۆڤ نەیتوانیوە تاکو ئێستا بە ڕاشکاوی دەریانببڕێ "حەمە مەنتک" لە کتێبی (سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردی) ئەو بۆچوونەی هەیە و دەڵێ:

((فەنتازیا دواندنی چینە خەوتووەکانی ناومانە، ئەو چینانەی ئارەزوو و خەیاڵە کوژراوەکانمان تێیاندا خەوتوون)). [عەلی،۲۰۱۷،۳۱].

واتا لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە کە فانتازیا ئەو حەز و ئارەزوانەی کە لەناو دەروونی مرۆڤدا هەن بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان کوژراون یان مرۆڤ لە بەر چەند هۆکارێک ناتوانێت ڕاستەوخۆ دەریان ببڕێت دەردەخات.

کەوایە بە پێی ئەم بیر بۆچوونە هەر نووسەرێک فانتازیای تایبەتی خۆی لە ناخی خۆیدا هەیە هەر لەم بارەیەوە "ت.ی.ابتر" لە پێناسەیەکی لەبارەی فانتازیاوە دەڵێ: ((فانتازیا.. بریتییە لە شکاندنی قاوخی ڕێسا و لۆژیکە باوەکان کە لە هەمان چرکەساتیشدا لۆژیکێکی تایبەت بە خودی خۆی دادەمەزرێنێ کە لەوێ چەند خانەیەکی لۆژیکی یان ڕێسای مەئلووفەکانی خودی خۆمان تێدا ڕەنگرێژ دەبێ)). [عەلی،۲۰۱۷،۳۲].

واتا ئەو پێی وایە فانتازیا دێت و ئەو یاسا و ڕێسایانە کە باون و دەبنە کۆسپ لە سەر ڕێگەی بەدیهاتنی حەزوئارەزووەکان دەشکێنێ و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بونیادنانەوەی سەر لە نوێی یاسا و ڕێسا تایبەت بە دونیای خۆی دەدات کە تێیدا یاسا و لۆژیکی تایبەت بە خۆی ڕەنگ دەداتەوە.

ئەمانە و گەلێ پێناسەی تر بۆ فانتازیا کراوە ئەگەر بە وردی لە بیروبۆچوونەکان و پێناسەکان بڕوانین ئەوەی لە گشتیان بە زۆری دووبارە بۆتەوە وەک (سەرسوڕمان ، خەیاڵ ، واقیع ، خەون و ئارەزوو)ن.

ئێمەش دەتوانین پێناسەی خۆمان بۆ فانتازیا لەواندا چڕ بکەینەوە و بڵێین :

١/ فەنتازیا وەرگرتنی واقعی ژیانە لە تێڕوانینێکی نائاسایی و ناباو، بەو واتایەی کەوا گومانێکی لە جیهانی ڕۆمانەکەدا هەیە جا گومانەکە سەر بە واقعەکە بێت یان ڕەتی بکاتەوە. وە لە هەمان کاتیشدا دەقکاریەک و شەکاریەکی داهێنەرانەیە. هەروەها حاڵەتە (ناباو)ەکە مەبەستمان مرۆڤی فریو یاخود باڵدارە لە ڕۆمانەکە کە ئەمە شتێکی نائاساییە.

٢/فەنتازیاترین بەرهەم ئەوەیە کە بتوانێ ئەوە بە خوێنەر بسەلمێنێ کە ئەم بەرهەمە فەنتازییە واقیعە، واتا قەناعەت بە واقیعی بوون و ڕاستبوونی بەرهەمەکە لە لای خوێنەر دروست بکات.

٣/ئەدەبیاتی فەنتازی واتا تێکەڵکردنی واقیع لەگەڵ وەهم و خەیاڵدا و لە ئەنجامدا خولقاندنی دونیا یان واقیعێکی نوێ. واتا فانتازیا لێکدانەوە و شرۆڤەی سەر لە نوێی واقیعە بە یارمەتی وەرگرتنی لە خەیاڵ.

## تایبەتمەندیەکانی فانتازیا

١/ سەرسوڕمانی: یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان ئەوەیە کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات واتا کە شتێک پێچەوانەی واقیع و عەقڵی مرۆڤ بێ، چونکە لە واقیع دوورە خوێنەر تووشی سەرسوڕمانی دەبێ، هەر وەکوو "تولکینی" لەبارەی ئەوەوە دەڵێ: ((فەلسەفەی فانتازیا دروستکردنی سەرسوڕمانییە فانتازیایەک کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە ئەم تایبەتمەندییە لە پێکهاتەی خۆی و ئەو دونیایەی کە دەیخولقێنێ بەدی بێنێ)). [عەلی،٢٠١٧،٥٧].

٢/ دۆخی نەرێنی: فانتازیا دۆخێکی نەرێنی هەیە واتا ((جیهانی واقیع لە فانتازیا بەردەوام بە شێوەی نەرێنی ئامادە دەبێ.. فانتازیا باس لەو شتە دەکات کە ناتوانێت بوونی هەبێ و ناتوانێت ڕووبدات)). [عەلی،٢٠١٧،٥٧].

واتا ئەو ڕووداو و کەسایەتییانەی بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانە لە بەرهەمی فانتاستیکی قەد نابێ لە واقیعدا ڕوو بدەن، ئەمەش خاڵێکە کە چیرۆکی فانتاستیکی بە چێژ دەکات.

٣/ پێویستە دەقێکی فانتازیا وا لە خوێنەر بکات کە توشی ڕاڕایی ببێ لە نێوان شیکردنەوەیەکی سروشتی و شیکردنەوەیەکی سەروو-سروشتی بۆ ڕووداوە گێڕراوەکان. [سەعید،٢٠٢٣،٢٥].

٤/باوەڕپێهێنان: یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان واتا ((لە کاتی خوێندن یان بیستنی چیرۆکێکی فانتاستیکی نابێت خوێنەر باوەڕ بەو ڕووداوانە نەهێنێت، و نابێ لە خۆی بپرسێت کە ئەمە ڕاستە یان نا! چونکە ئەگەر وا بێت ناتوانێت لەگەڵ چیرۆکەکە پەیوەندی دروست بکات)). [عەلی،٢٠١٧،٥٨].

## جۆرەکانی فەنتازیا

هەر لەو کاتەوە کە دەست بە لێکۆڵینەوە و ناسینی هونەری فەنتازیا لە ئەوروپا کراوە، هەر لێکۆڵەر و نووسەر و شارەزایەکی ئەم بوارە هەوڵی داوە پێناسە و چەمک و جۆرەکانی فانتازیا بە پێی تێڕوانین و لێکۆڵینەوە و گەڕان و بەدواداچوونی خۆی بخاتە ڕوو، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەوا زۆر جۆر لە فانتازیا دەستنیشان بکرێت، وە ئەم دابەشکردن و لێک جیاکردنەوەش بە زۆری لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی بەرهەمە فانتازیایەکان ئەنجام دراوە.

ئێمەش لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندین جۆر لە جۆرەکانی فانتازیا دەستنیشان کەین و بەشێکیان بە نموونەوە بیخەینە ڕوو.

هەریەکە لە نووسەران (فرانسیس جەی. مۆلسن، پامیلا ئێس. گەیتس، سوزان بی. ستێفل) لە کتێبی (ئەدەبی فەنتازیا بۆ منداڵ و مێردمنداڵان)، چەند جۆرێک لە فەنتازیایان دەستنیشان کراوە، ئێمە سێ جۆر ناودەبەین ئەوانیش:

١ (فەنتازیای سەفەر :(Journey Fantasy) مەبەست لە فەنتازیای سەفەر واتە (سەفەرکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە یان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە)، کە سەفەرکردن کرۆکی سەرەکی بابەتەکەیە.

٢ (فەنتازیای گۆڕین یان سەروبن :(Transformation Fantasy) ئەم جۆرە فانتازیایەش بە شێوەیەکە، کەوا ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە هۆی ئەو فشارانەی کەوا تووشمان دەبن لە ئەنجامی کێشە

جۆراوجۆرەکانەوە، هەندێک جار ئاواتەخوازین ئەوە بین کەوا خۆمان دەمانەوێ یان ژیانمان شتێک بێت بێجگە لەو شتەی کەوا ئێستا تێیداین کەوا بەتەواوی ژیانمان سەروبن ببێت.

٣ (فەنتازیای سیحر و جادوو :(Magic Fantasy) لەم جۆرە فەنتازیایە کەسایەتییەکان خاوەن هێزێکی لە ڕادەبەدەرن و سەرچاوەی ئەو هێزەش دیار نییە، هەروەها ڕووداوگەلێک ڕوو دەدەن تاڕادەیەک نەناسراو و دوور لە واقیعن و ئەنجامەکەشی ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوە.

ئەم دابەشکردنەی فانتازیا لە ڕاستیدا دابەشکردنێکی بەرتەسکە، واتە زۆر جۆری فانتازیای لە خۆ نەگرتووە ئەمە لە حاڵەتێکدا کە ئێمە زۆر جۆری دیکەی فانتازییامان هەیە کە ناچنە ناو خانەی هیچ یەک لەو سێ جۆرە بەڵکو بۆخۆیان جۆرێکی سەربەخۆن.

"دۆن داماسا" لەکتێبی (ئینسایکلۆپیدیای فەنتازیا و داستانی ترسناک) بەو شێوەیە جۆرەکانی دابەش کردووە:

١ (فەنتازیای تاریک :(Dark Fantasy) ئەم جۆرە ئەوەیە کە لە یەک کاتدا هەم فانتازی و هەم ترسناک بێت، وەک بەرهەمەکانی "لاورێل کەی. هاملتۆن" کە خوێنمژەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

٢ (فەنتازیای هەوڵدان: ئەمەشیان هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک وەک گەڕان بە دوای شتێکی بە بەها یان ڕزگارکردنی زیندانیەک و... هتد. وەک بەرهەمی (پاشای ئەنگوستیلەکان)ی "ج.ج.ر.تۆلکین."

هاوکات لە ئەدەبیاتی فارسیدا "ارسلان سلیم محمود" سەرەڕای ئەوەی کە چەند پۆلێنکردن و جۆری لە لایەن چەند لێکۆڵەران خستۆتە ڕوو، بەڵام لە کۆتاییدا کۆی هەموو جۆرەکانی لەسەر دوو بنەما دابەشکردووە و دەنووسێت ((ئێمە دەتوانین جۆرەکانی فەنتازیا لە ئەنجامی پەیوەندیان بە سەرووی واقیع و خوارووی واقیعەوە دابەشی دوو جۆر بکەین، کە ئەوانیش فەنتازیای "بەرز و نزم"ن. هەروەها دەتوانین هەموو فەنتازیاییەکان بە پێی ناوەڕۆک و پێکهاتە و شێواز پۆلێن بکەین و لە ئەنجامدا ئەم نموونانە بخەینەڕوو: فەنتازیای تەمسیلی، زانستی، تەنز، فەلسەفی، سەفەر)).

فەنتازیای تەمسیلی: لەم جۆرە پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ ڕەمزدا هەیە، چونکە بەشێکی سەرەکی خەیاڵی فەنتاستیکی پێک دەهێنێت، هەرچەندە ڕەمزەکەش یاسا و ڕێسایەکی تایبەتی بەکارهێنانی نییە.

فەنتازیای زانستی(خەیاڵی زانستی): ئەم جۆرە لەسەر بنەمای دەستکەوتە زانستییەکان یان گۆڕانکارییە سرووشتیەکان بونیاد دەنرێت، کە بەشێکی زۆریان باس لە بینینی داهاتوو یان سەفەر بۆ هەسارەکان و بۆشایی ئاسمان یان لە کاتە جیاوازەکان دەکەن.

فەنتازیای تەنز: لەم جۆرەدا لایەنی تەنز و پێکەنین زاڵە، ئەم حاڵەتە کاریگەری بە سەر زمان و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە دیار دەکەوێت، چونکە زمانی پێکەنین جیاوازە لە زمانی گێڕانەوەی ئاسایی.

فەنتازیای فەلسەفی: لە فانتازیای فەلسەفیدا هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارە فەلسەفییەکانی مرۆڤ دەدرێ، پرسیارگەلێک وەک لەکوێ هاتووین ؟ بەرەو کوێ دەڕۆین ؟ پرسیارگەلێک کە مرۆڤ بەردەوام فکری لێ دەکاتەوە بە دوای وەلامیان دا دەگەڕێت، ئەم جۆرە فەنتازیایە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی خەیاڵەوە وەڵامیان بداتەوە.

فەنتازیای سەفەر: لەم جۆرەدا مەبەستمان لە سەفەرکردنە، سەفەر کردن لەناو کات و شوێنە، لەم جۆرەدا کارەکتەر بە شکاندنی سنووری نێوان کاتەکان یان لە نێوان هەر سێ زەمەنی ڕابردوو ئێستا و داهاتوو سەفەر دەکات، مەبەستیش سەفەر لە شوێن واتە سەفەر کردنی کارەکتەر لە هەر شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بە بێگوێدان بە هیچ بەربەستێک.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، هەرچەندە لێکۆڵینەوەی کوردی گرنگییەکی بەرچاوی بە هونەری فەنتازیا نەداوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەند نوسەرێکی کورد بە کتێب و وتار و چاوپێکەوتنەکانیان باسی ئەم هونەرەیان کردووە، هەریەکە لە "تەها ئەحمەد ڕەسوول" و "عەتا قەرەداغی" کەوا باسی یەک یان دوو جۆریان کردووە .

تەها ئەحمەد" لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (فەنتازیای داخراو) پێناسەی دەکات و دەڵێت: ((فەنتازیای داخراو واتە ئەوەیە کە ئەڵقەکانی هێندە تۆکمە نەبن و بەر لەدایکبوونیان لە یەکتری جیاببنەوە، بەشەکانی پێکەوە کۆک نەبن و لەخۆوە بگۆڕێنە سەر شتێکی دی، بێ ئەوەی کارتێکەر بن لەسەر هەست و لێکدانەوە و لە جیهانی درووست نەبوونی خۆیاندا بەسەرخۆیاندا داخرابن)). وە سەبارەت بە فەنتازیای زانستی دەڵێت: ((ئەمەشیان بوونی هەیە، کە ئەویش بەرەنجامی ڕوانین و پێشکەوتنی زانستی و گریمانە زانستیەکانە و لە ئاکامیشدا گەڕانێکی سوودبەخش و هەمە لایەنە)). [عەلی،٢٠١٧،٦٠ –٦٨].

لە لایەکی دیکە "عەتا غەرەداخی" لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (فەنتازیای گەڕانەوە) لە چیرۆکدا دەڵێت: ((ئەمەش ئەو شێوازەیە کە چیرۆکنووس لە ڕێگای خوێندنەوەی ڕابردووەوە واقیعێک لەخەیاڵدا درووست دەکات کەجیاوازە لەو واقیعەی کە هەیە و لەوێشەوە بەپشت بەستن بەوەی لە خوێندنەوەی ئەو ڕابردووەدا هەبووە بەو جۆرەی کە ئەم تەسەوری دەکات و هەوڵدەدات خوێندنەوەی ئێستا بکات، کە ئەمەش دەشێ بریتی بێت لە جۆرێک لە گەڕان بەدوای مێژوویەکی نادیار یان ونبوودا، کە تەسەوری ئەوە دەکات لەو مێژووەدا مرۆڤ کە گەورەترین سەرمایەی دونیایە بە ئازادی و بە کەرامەتەوە تیایدا بژیێت)) . [قەرەداغی،٢٠٠٨،٥١].

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دوو نووسەرە تەنها پێناسە و ڕوونکردنەوەیان بۆ کردووە نەک دابەش کردن و پۆلێنکردنی.

## فانتازیا و خەیاڵ

سەبارەت بە خەیاڵ، هەموو مرۆڤێک خەیاڵی تایبەت بە خۆی هەیە و بەردەوام لەگەڵی دەمێنێتەوە و لەگەڵیدا دەبێ، جا هەرکەسە و بە شێوازێک و مەبەستێک بەکاریدەهێنێ.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە بزانین ئەوەیە، کە خەیاڵی هونەری و ئەدەبی جیاوازە لەگەڵ خەیاڵی ئاسایی، وە خەیاڵی کەسێکی ئەدیب ئەبێت جیاوازبێ لە خەیاڵی کەسێکی ئاسایی، چونکە ئەگەر وانەبێ هەموو کەسێک ئەتوانێ ببێت بە ئەدیب یان نوسەر.

لەبەر ئەوەی خەیاڵ و فانتازیا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ بەیەکەوەیان ئەبەستێتەوە و فانتازیاش هەموو تایبەتمەندییەکانی خەیاڵی تیایە، بۆیە زۆرجار ئەبێتە هۆی تێکەڵبوونی ئەم دوانە، بۆیە ئێمە تاکو خەیاڵ نەناسین و لێی تێنەگەین، ناتوانین لە فەنتازیا جیای بکەینەوە، هەر بۆیە ئەبێ لە سەرەتادا چەند پێناسەیەکی خەیاڵ بخەینە ڕوو.

کەسێکی وەکو "جان مێلتۆن" نوسەری بەرهەمی (بەهەشتی ونبوو) ئەو بۆچونێکی ئاینی هەبوو سەبارەت بە "خەیاڵ" لەبەر ئەوەی کەسێکی مەسیح بوو، پێی وابوو خودا لە ئاسمانەوە ئیلهامی بۆ دەکات بۆ ئەوەی بەرهەمێک بنوسێت، ئەمە لە کاتێکدا "هابز" پێی وابوو ((ئەگەر کەسێکی وەکو (نوسەر) یان (شاعیر) بڵێت کە من ئیلهامم بۆ دێت، دەبێت لە سەرەتادا قەناعەتم پێ بکات، چونکە ئەگەر بڵێ خودا لە خەیاڵمدا قسەم لەگەڵ دەکات، وەکو ئەوە وایە بڵێ خەوم بینیوە و خودا لە خەون قسەی لەگەڵ کردووم)). [عەلی،٢٠١٧،٧٢].

ئەرستۆ" وا پێناسەی خەیاڵ ئەکات، کە ( خەیاڵ جوڵەیەکە کە لەڕێگەی هەستەکانەوە ئەنجام دەدرێ بە شێوەیەک ئەگەر هەستەکان نەبن خەیاڵیش بوونی نییە). [عەلی،٢٠١٧،٧٠].

واتە بەبڕوای "ئەرستۆ" خەیاڵ کاتێک درووست ئەبێ و دێتە ئاراوە کاتێک کە هەستەکان ئیش بکەن و بونیان هەبێ، خۆ ئەگەر بێت و هەستەکان نەبن ئەوا خەیاڵیش نابێت، مرۆڤ لە ڕێگای هەستەکانەوە وێنە لە شتە واقعیەکان وەردەگرێت و لە زەین و هزری خۆیدا هەڵیان دەگرێت. نمونە کاتێک هەنارێک دەبینێ و تامی ئەکات لەڕێگای هەستەکانەوە ئەوا لە زەین و هزری ئەدیب وێنەیەک دروست دەبێت، دواتر ئەو

وێنەیە تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی ئەکات و وێنەیەکی جوانتر و جیاوازتر بونیاد ئەنێ لە هزریدا، ئەمە پێی ئەگوترێ خەیاڵ.

هەر سەبارەت بە خەیاڵ "هابز" لە پێناسەی خەیاڵدا دەڵێت ((خەیاڵ لێهاتوییێکە، کە یارمەتی نوسەر دەدات، تا بتوانێ بیر و فیکری خۆی بە زمانێکی سەرنج ڕاکێش و پاراو و دڵنیاکەر بخاتەڕوو)). [عەلی،٧١،٢٠١٧]. واتە خەیاڵ ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی نوسەر بیر و بۆچونی خۆی دەربارەی بابەتێک بخاتە ڕوو بە شێوازێکی جوان و جیاواز و زمانێکی پاراو و سەرنج ڕاکێش.

هابز" لەلایەکی ترەوە خەیاڵ بە جوڵە دەبەستێتەوە، (مرۆڤ کاتێک خەو ئەبینێ یان بێهۆشە جوڵەی دەرەوەی ئەوەستێ، بەڵام لە ناوەوە جوڵەی دڵ و گورچیلە......هتد، بەردەوامە). [سەعید،٣٣،٢٠٢٣].

کەوایە "هابز" پێی وایە خەیاڵ هەرگیز ناتوانرێ کۆت و زنجیر بکرێ و بەردەوام لە کارکردنە. لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە "خەیاڵ" ئەگەر لە ڕوانگەی "فرۆید" و دەرونناسییەوە بڕوانین، فرۆید بڕوای وایە خەیاڵ لە دوو شوێنی جیاوازی زەینی مرۆڤ دروست دەبێت، یەکێکیان خەیاڵی ناوچەی هۆشیارییە و ئەوی تریان خەیاڵی ناوچەی ناهۆشیارییە، لە جیاوازی نێوانیشیاندا دەڵێت (( خەیاڵی هۆشیاری، خەیاڵی ڕۆژانە و ئاگایانەی مرۆڤە، بەڵام خەیاڵی ناهۆشیاری، خەیاڵی شەوانە و خەون و ڕۆیاکانمانە)). [عەلی،٧٣،٢٠١٧].

واتە لە جۆری یەکەم مرۆڤ کاتێک خەیاڵ ئەکات ئەزانێ وا لە خەیاڵکردنە و ئاگادارە، بەڵام لە جۆری دووەم ئاگادار نییە و هیچ دەسەڵاتێکیشی بەسەردا نییە، بۆیە دەبینین مرۆڤ زۆرجار کاتێک خەون ئەبینێ بەبێ ترس و دوودڵی باسی ئەکات، چونکە ئەزانێ لۆمە ناکرێت و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نەبووە، بەڵام باسی خەیاڵاتی ڕۆژانەی خۆی ناکات.

هەر لە بواری دەرونناسییەوە دەربارەی خەیاڵ، "دراکۆلیدس" پێی وایە (خەیاڵ دەرچەیەکە بۆ ئەوەی هونەرمەند حەزەکانی پێ دەربخات). [سەعید،٣٢،٢٠٢٣]. واتە هونەرمەند کۆمەڵێک حەز و ئارەزوو و هەستی چەپێنرا تێیدا پەنگ ئەخواتەوە و ناتوانێ یان ناوێرێ بەشێوەیەکی ئاسایی دەریبخات، دێت لە ڕێگای خەیاڵ دەریدەبڕێ لە چوارچێوەی بەرهەمێکدا.

سەرباری ئەوەی کە چەندین بیر و بۆچونمان لەبارەی خەیاڵەوە خستەڕوو، ئێستا پێویستە جیاوازی نێوان خەیاڵ و فانتازیاش بخەینەڕوو، ئێمە لە سەرەتادا باسی چەمک و پێناسەی فانتازیامان کرد، لێرەشدا باسی خەیاڵ و پێناسەکانی خەیاڵمان کرد، ئێستا ئەتوانین بڵێین (فەنتازیا) لە خەیاڵ خاڵی نییە، بەڵام کتومت وەکو ئەویش نییە، بەشێوازێکی تر (فانتازیا) یەکێکە لە جۆرەکانی (خەیاڵ)، چونکە هەموو

تایبەتمەندییەکانی خەیاڵی تێدایە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆشی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە خەیاڵ.

باختین" ئەڵێ(خەیاڵ بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە لەوەی کە لە پشتی پەردەیە، خواست و ئاواتە پوکاوەکانە، بەڵام فانتازیا بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی تری سەیر و سەمەرەیە لە بەرگی واقعێکی تر). [سەعید،٣١،٢٠٢٣].

هەر لە جیاوازی نێوان (فانتازیا) لەگەڵ (خەیاڵ)، لە (خەیاڵ)دا دەکرێ ئەو شتانەی باس ئەکرێ یان ئەو ڕووداوانەی دەخرێتە ڕوو بێتە دی، واتە ئیمکانی ڕوودانی هەیە، بەڵام لە (فانتازیا)دا ئەو ڕووداوانەی دەخرێتە ڕوو زۆر دوورە لە واقع و ئەتوانین بڵێین هەرگیز نایەتە دی.

بۆ ئەو مەبەستەش "عەتا نەهایی" نمونەیەک دەهێنێتەوە و بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە کە (( مرۆڤێک، کە دەبێت بە قالۆنچە (کەسایەتی ڕۆمانی مەسخی کافکا) فانتازییە، چونکە لە دونیای واقعدا هەرگیز هیچ مرۆڤێک نابێت بە قالۆنچە)). [عەلی،٧٩،٢٠١٧].

نمونەیەکی تر لە فانتازیا، گەڕانەوەی "زێوەر" ی شاعیر لە چیرۆکی (شار لە پێشوازی زێوەردا)، لە نوسینی (محمد فريق حسن)، ئەم چیرۆکە باس لە گەڕانەوەی زێوەری شاعیر ئەکات لە گۆڕستانی گردی سەیوانەوە دوای مردنی کە 60 ساڵە مردووە و دەگەڕێتەوە بۆ سەر دونیا و شاری سلێمانی، کە لە ڕاستیدا ڕووداوێکی وا زۆر دوورە لە واقع کە کەسێک بمرێ و دوای 60 ساڵ بگەڕێتەوە سەر دونیا و زیندوو ببێتەوە. [قەرەداغی،٤٩،٢٠٠٨].

((بەڵام مرۆڤێک، کە بە درێژایی تەمەنی لەسەر دارەکان و بەسەر دارەکانەوە سەفەر دەکات( کەسایەتی ڕۆمانی بارۆنی سەردارەکانی، کالڤینۆ) ئەگەرچی کەسایەتییەکی خەیاڵییە، بەڵام فانتاستیک نییە، چونکە ئەگەر تەنانەت بە درێژایی مێژووش هیچ مرۆڤێک هەموو تەمەنی لەسەر دارەکان نەژیا بێت و سەفەری نەکردبێت، بەڵام ئیمکانی شتی وا لە واقعدا هەیە)). [عەلی:٧٩:٢٠١٧].

## فانتازیا و واقیع

هەڵبەتە هەموو مرۆڤێک لەناو واقیعدا دەژی، بەڵام هەر تاکێک تێڕوانینی دەربارەی واقیع جیاوازە، بۆیە ئەو جیاوازبوونە ئەبێتەهۆی ئەوەی، کە ئێمە بڵێین "واقیع" چوارچێوە و پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ نییە.

واقیع لای هونەرمەند و ئەدیب جیاوازە لەگەڵ کەسی ئاسایی، ئەدیب دێت واقیعی ژیانی خۆی تێکەڵ بە هەست و سۆز دەکات و واقیعێکی تر بونیاد ئەنێ، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ "ئەدیب" دووردەکەوێتەوە لەوەی کە "واقیع" وەکو خۆی نیشان بدات، چونکە ئەگەر ئەوە بکات، هیچ جیاوازییەکی نابێ لەگەڵ کەسێکی "مێژوونوس "

کەسی مێژوونوس واقیع بەتەواوی وردەکارییەکانەوە وەک خۆی تۆمار ئەکات. ئەگەر "ئەدیب" واقیع وەکو خۆی تۆماربکات، ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی "ئەدەب" لەدەست ئەدات، کە ئەویش چێژبەخشینە.

فانتازیا، وەک یەکێک لە جۆرەکانی "خەیاڵ" لە بەرهەمی فانتاستیکی سود لە "واقیع" وەردەگرێ، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باسی لێوە بکەین، ئەوەیە کە ئاخۆ فانتازیا چۆن سود لە واقیع وەردەگرێ؟ یان بەواتایەکی تر، خەیاڵ چۆن لەگەڵ واقیع مامەڵە دەکات و فانتازیا چۆن لەگەڵ واقیع مامەڵە دەکات؟

لە بەرهەمی فانتاستیکیدا، بەهۆی ئەو ڕووداو و کەسایەتییە سەرسوڕهێنەرانەی، کە بەخۆوە گرتووە، زۆرجار بوەتە هۆی ئەوەی کەوا بیربکەینەوە، کە فانتازیا ڕەدکردنەوەی واقیعە بە هەموو شێوەیەکەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ((فانتازیا ئەوە ناگەیەنێت کە یەکسەر لە واقیعدا لابدەین و لە بەرامبەریدا ڕابکەین، بەڵکو فانتازیا زیاتر ڕۆچوونە بۆ نێو قوڵییەکانی واقیع، بۆ ئەوەی ئاشنا بین بە جیهانی شتە ون و نادیارەکان)). [عەلی،٢٠١٧،٨٢].

لە فانتازیاش نوسەر مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە خەیاڵییەکانی تر مامەڵە کردنی لەگەڵ واقیعدا جیاوازە، جیاوازییەکەش لە لایەک لە بینینی بۆ واقیعەوە دێت، واتە بینینی فانتازیا بۆ واقیع بینینێکی جیاوازە ((فانتازیا نە بەشێوەیەکی تەواو جەزبی واقیع بێت، نە بە شێوەیەکی تەواو پشتی لێبکات، بەڵکو ڕێکخستن و تێکەڵبوونێکی گونجاو لە نێوان دوو دونیای خەیاڵ و واقیع دروست دەکات)). [عەلی،٢٠١٧،٨٢].

((فانتازیا ڕووداوی فانتازی لە جیهانێکی خەیاڵی پڕ لە بونەوەری جادوویی و بە دەر لە زیهن درووست دەکات. کەچی لەئەدەبی واقیعیدا هەموو ڕووداوەکان بە پلان و سیاسەت و بەپەیوەندییە کەسییەکان پەیوەستە )). [htts://www.ejaba.com]

له بەرهەمی فانتاستیکیدا نوسەر، بە تایبەتی چیرۆکنوس، جیهانی دووەم دەخولقێنێ و دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ئەمەیە جیهانی واقیع، نەوەک ئەو جیهانە کە تاوەکو ئێستا بە جیهانی واقیع ناسراوە، واتە فانتازیانوس واقیعێکی ترمان بۆ دەخوڵقێنێت.

لە ڕاستیدا (فانتازیا بیر لە چۆن لەناوبردن و شکاندنی سنورەکان و کۆت و بەندەکان، پیشاندانی ئەوانەی کە شاردراونەتەوە و تەنیا لە تاریکیدا دەردەکەون، دەکاتەوە). [عەلی،٢٠١٧،٨٤].

واتە، فانتازیا دەیەوێت ئەو بابەتانەی کە لە واقیعدا هەن و لەوانەیە ئێمە هەستیان پێ نەکەین و لە گەڵیاندا ڕاهاتبین، سنورەکانی نێوانیان بشکێنێت و وایان لێبکات بەڕوونی دیاربن، ئەو دیاردانەی کە لەوانەیە بە هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان نەتوانین بە ڕاشکاوانە و بەبێ هیچ ترسێک باسیان بکەین، یان دەریان بخەین، فانتازیا ئەو ئازادی و کراوەییە بەدیدەهێنێت و واقیعێک دەخاتەڕوو کە هیچ شتێک تێیدا ناشارێتەوە و سنوردار نییە.

لە پەیوەندی فانتازیا بە واقیعەوە، (فانتازیا باشترین هەڵ دەڕەخسێنێ تا لە واقیع بچیە دەرەوە و چێژ لە خەیاڵە بێ سنورەکان وەربگری و تێیدا داهێنان بکەی، بەڵام لە واقیع شت و ڕووداوەکان وەکو خۆی دەبینرێن و تێیدا بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە خودی ڕوداو و شتەکان دەکرێن و لەم چوارچێوەیە گوزارشت لە کێشە و چارەسەرییەکانیان دەکرێ[https://www.ammonnews.net]

بەشێوەیەکی گشتی "فانتازیا" ڕاکردن و پشت کردن لە "واقیع" نییە، بەڵکو تیشک خستنە سەر لایەنە شاراوەکان و لەبیر چوەکانی ناو واقیعە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو ڕووداوانەی لە دونیای فانتاستیکیدا باس دەکرێن، هەرگیز ڕوونادات.

## تەوەرەی دووەم

## فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا :

بۆ دیاریکردنی ڕەگ و ڕیشەو سەرەتاکانی دەرکەوتنی فەنتازیا لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر کۆنترین بەرهەمی نووسراو کە ئەویش دیار و ڕوونە ئەفسانەکانن، ئەفسانەی کوردی شوناسێکی تایبەت و سەربەخۆیی وەرگرتووە بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەفسانەی کوردی تەواو جیاوازە لە ئەفسانەی جیهانی، چونکە ئەوەی کە تایبەتمەندی دەدات بە ئەفسانەی کوردی ئەو دیدە ئەفسانەییەیە کە لە لای هەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە. هەر میللەتە بە شێوەی خۆی و لە هەر کوێ بێت بە پێی کلتووری خۆی بەکاری دەهێنێ کوردیش بە هەمان شێوە بە پێی کلتووری خۆی بەکاری هێناوە.

یەکەمین نیشانەی دەرکەوتنی فەنتازیا لە ئەدەبیاتی کوردی دا بۆ ئەفسانەو حیکایەتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە وەک (حیکایەتی کڵاوی (سخرجن)ی کوردەواریمان، وەهەروەها حیکایەتی (کاڵا بە باڵای پاشا)

فەنتازیابوونی ئەفسانەکان هەر لە کارەکتەرەکانیەوە دەردەکەوێت، کە یان خواوەندەکانن یان کەسایەتییەکی تێکەڵاو لە خواوەند و مرۆڤ واتا نیوەی مرۆڤ و نیوەکەی دیکەیان خواوەند. کەوا ئەم فەنتازیابوونی ئەفسانانەش سەرچاوە دەگرن لە (گەڕان بە دوای نەمری، مردن و زیندوو بوونەوە، غەیب بوون، فڕین، دۆنادۆن، پێشبینی کردن ...هتد)، وە هەروەها ئەو کەرەستە ئەفسانەییانەش کەوا بەکارهاتوون وەک (گڵۆگیای نەمری بەخش، فڕینی بەرماڵ، چاکەتی پڕ لە پارە..هتد). [عەلی،2017، 107–110].

فەنتازیا بە یەکێک لە سیماکان و تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی هونەری نوێی کوردی بە تایبەتی چیرۆکەکانی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) دادەنرێ، سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە چیرۆکی هونەری کوردی "سابیر ڕەشید" پێی وایە کە (فەنتازیا دەمێکە لە چیرۆکی کوردیدا تەوزیف کراوە بە تایبەتیش لە ساڵانی حەفتاکان بە دواوە). وە هەروەها "د.سەلیم ڕەشید"یش هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە (دوای حەفتاکان ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە چیرۆک زیاتر بینراوە بە تایبەت هێنانەوەی لایەنی فەنتازی). [ڕەشید،٢٠١٣،٦٦،٦٧].

چیرۆکی کوردی و تەنانەت ڕۆمانیش چوونە سەر ئەو ڕێیە نوێیە و ڕەگەزێکی تۆکمە و باڵادەستیان بە هەند وەرگرت کە ئەویش ڕەگەزی فەنتازیایە، کەواتە دەتوانین بڵێین لە هەشتاکان بەشێک لە چیرۆکنووسان ڕۆماننووسان هەوڵی داهێنانی کەش و ڕووداو و کەسایەتی ناواقیعیانەیان داوە، بە تایبەت گرنگیان بە زمانی شیعری و دەربرینی نا مەئلووف داوە. کەواتە لە ساڵانی دوای حەفتاکان و سەرەتای نوێبوونەوەی چیرۆکی هونەری کوردی، چیرۆکنووسان فەنتازیایان وەک ڕەمزێک بۆ خستنەڕوو و پیشاندانی واقیعی ئەو کاتە بەکارهێناوە، چونکە چیرۆکنووس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دەسەڵات و بارودۆخی ئەو کاتە بگرێت.

هەرلەبەرئەمەش ئەو ئەرکانەی کە پێشتر کەوتبوونە سەر شانی ئەدەب، بەرەو ئەرکێکیتر گۆڕان و کاری سەرەکی بووە گەڕان و پشکنین، گەڕان بە دوای نادیار و نەوتراوەکاندا و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی دیوە شاراوەکانی تر، هەر لێرەشەوە مەبەست و مەرامەکانی خۆی بەیان دەکرد. [ڕەسووڵ:فانتازیای داخراو]

## سەرچاوەکانی فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا:

دروستکردنی وێنەی فەنتازیای واقیع کە چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات (ئەفسانە)یە، هەروەها دەتوانین بڵێین یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەفسانە (خەیاڵ)ە لە ڕێگەی خەیاڵەوە ڕووداوەکانی ژیانی سەرەتاییش لێکدراوەتەوە، هەروەها بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەوە ئەفسانە بۆ نووسەر وەک پەناگەیەکی ئارامە و دەتوانێ لە سێبەریدا بحەسێتەوە مەبەستەکانی خۆی بپێکێت. چیرۆکنووس سوود لە توانا و هێزە لە ڕادەبەدەری پاڵەوانەکانی ئەفسانە وەردەگرێ، هەروەک: فڕین، نەمر بوون، بە گورگ بوون، هتد... یان بە ڕێگاکانی:

١ (دۆنادۆن(التناسخ): هەروەک کارەکتەری سەرەکی شێوەی وەک پەرییەکی لێدێت و دەفڕێت..

٢ (تێکەڵبوونی کاتی (موقتە): وەک ئاخێوەر شۆڕ دەبێتە ناخی پاسەوانێکی شەوگار، دواتریش وەکوو خۆی لێدێتەوە.

٤ (هاودەمێتی: بە واتای یەکگرتنی دوو کەسایەتی لە هەندێ دۆخدا، کە ئەمەش هەریەکە لە چەمک و هێمای چاکە و خراپە دەگەیەنێ، واتە کەسایەتی ڕۆڵی خراپ و باشیش دەبینێ.

لەبەر ئەوانەیە بەکارهێنان و موتوربەکردنی هەریەک لەم کردە ئەفسانەییانە لە دەقی چیرۆکی هونەری کوردی سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتیدەری چیرۆکنووسن بۆ دەربڕینی ئاوات و ئارەزووەکانی وە هەروەها تام و چێژ دەدەن بە دیدی خوێنەر و دەبێتە مەستکردنی ناخ و دەروونی.

هەروەها خاڵێکی تر کەوا چیرۆکنووسانی کورد بۆ بە فانتازیا کردنی بەرهەمەکانیان پەنایان بۆ بردووە ئەوەیە کەوا سەرچاوەی جیهانیان بەکارهێناوە بەو مانایە کە سوودیان لە فانتازیای جیهانی بەرهەمی ئەدیبان و نووسەرانی جیهانییان وەرگرتووە وە هەروەها ڕۆژنامە کوردییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە نوێکردنەوەی چیرۆک و ئاشناکردنی چیرۆکنووسانی کورد بە دنیای دەرەوە بینیوە، چونکە ڕۆژنامەکان بێجگە لە بڵاوکردنەوە بەرهەمی خۆماڵی بە گشتی و چیرۆک بە تایبەتی بەرهەمی نووسەرە بیانییەکانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی و عەرەبی و دواتر بڵاویان دەکردەوە، وە لە لایەکی دیکە چیرۆکنووسانی وڵاتە عەرەبییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەریان لەوانە (عەبدوڵڵا سەڕاج) ئاماژە بە هەندێک لەو چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسانەی عەرەب دەکات کە مۆرکی دیاریان لەسەر ئەم جۆرە نووسینەدا هەیە بۆ نموونە (ئەدوار خەرات) و (جەمال غیتانی) میسری و وەهەروەها (محمد زەفزاف)ی مەغریبی (تەبیب ساڵح)ی سوودانی و (ئیبراهیم ئەلکونی)ی لیبی و (ئەمین مەعلوف)ی لوبنانی.

هەروەها دەتوانین بڵێین دەکرێت سەرچاوەیەکی دیکەی فەنتازیا بگەڕێنینەوە خودی چیرۆکنووسان چونکە هەر وەک دەزانین هەندێک لە چیرۆکنووسان بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات بە تایبەتی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کردووە و ئاشنای ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا بوون و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەدیبان و چیرۆکنووسانی ئەوان.[عەلی،٢٠١٧، ١١٠ -١١٤]

## توخمەکانی چیرۆکی فەنتازیائامێز:

### کارەکتەری فەنتازی

بە سوود وەرگرتن لە هونەری فەنتازیا موتوربەکردنی لە لایەن چیرۆکنووسەوە، دەکرێت بە هۆی چەند هۆکارێکەوە بێت، کە سەرەکیترین و گرنگترینی دروستکردن و پیشاندانی واقیعێکی دیکەیە، واتە ئێمە دەتوانین ئەو واقیعەی کە خۆمان دەمانەوێ بەهۆی فەنتازیاوە بیخولقێنین و بیهێنینەوە ئاراوە.

لە چیرۆکی فانتازیدا چیرۆکنووس مەبەست و فیکرەی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناخاتە ڕوو، بەڵکوو بە پەنا بردنە بەر فەنتازیا لۆف و دەورانێک دەکات کە ئەمەش ((ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پێکانی ئەو نیازە، کە دەچێتە بارودۆخێکی ئاسایی و لەناو سیمبەندی کۆمەڵایەتیدا، بەو شێوەیە ڕاستەقینەیە دەرنەبڕدرێ)) بۆیە لە ڕێگەی فەنتازیاوە واقیعێک دەخولقێنێ قەد لە واقیعدا نە هاوشێوەی هەیە و نە بوونی هەیە.

هەروەها پێکهاتەی سەرەکی هەر چیرۆکێک توخمەکانییەتی، توخمەکانی چیرۆک بریتین لە (کارەکتەر، ڕووداو، کات، شوێن) کە بەبێ ئەم توخمانە چیرۆک بنیات نانرێت، کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بە بەکارهێنانی ئەم توخمانە بەشێوەیەکی هونەری یارمەتیدەرە بۆ چیرۆکنووس کە شان و شکۆی خۆی بە دەربخات، ئەمە لە حاڵەتێکدا چۆنیەتی بەکارهێنانی توخمەکانیش لە چیرۆکنووسێکەوە بۆ چیرۆکنووسێکی دیکە جیاوازە. [سالح،٢٠١٦،١٠٦،١٠٥]

کارەکتەر یان کەسایەتی ئەو بوونەوەرەیە کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانی دا دەیخوڵقێنێ و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕەوتی ڕووداوەکانی پێ دەسپێرێ. وێنەی کارەکتەر لە جیهانی ئەدەب هەر لە سەرەتاوە یەک شێوە نەبووە بەڵکو کارەکتەر لە بەرهەمە کۆنەکانەوە وەک (ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکە

خورافیەکان) جیاوازتر بووە لە قۆناغەکانی دوای خۆی کە هەبووە، لە کۆنەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم کارەکتەر سیفەتێکی ئەفسانەیی وخوڕافی هەبووە و چارەنووسی بە دەستی خواوەندەکان بووە، لە ڕووی توانا و قەبارە و هێزەوە لە مرۆڤێکی ئاسایی نەچووە.

بەڵام لەدوای ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازەوە، کە بایەخی بە بەهاکانی مرۆڤ دەدا. ڕۆڵی کارەکتەر گۆڕا و بووە نموونەی مرۆڤی ئاسایی و تەعبیری لە حەز و ئاوات و ئازارەکانی ئەو دەکرد.

ئینجا پاش ئەمەش لە سەدەی بیستەمیشدا، بە تایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی واتە لە ساڵانی ١٩٤٥ بەولاوە و سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێ لە ڕۆمان و چیرۆکدا، چەمکی کارەکتەریش گۆڕانی بە سەر هات و کارەکتەر چ لە ڕووی جۆرەوە و چ لە ڕووی وەسفەوە و چ لە ڕووی ئەرک و وەزیفەوە گۆڕانی بە خۆیەوە بینی. بێگومان گۆڕین و بەرەو پێشچوونی هونەرەکانی چیرۆک لە لایەک و توخمەکانی چیرۆک و ڕۆمان لە لایەکی دیکەوە، تەبعەن کەم تا زۆریش نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووسانی کورد لە ئەدەبی نوێی کوردی لەمە بێ ئاگا و بێ بەش نەبوون. [عەلی،٢٠١٧،١٢٢،١٢١]

## جۆرەکانی کارەکتەری فەنتازی:

چیرۆکی هونەری کوردی (( هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سەر بە ڕێبازی ڕیالیستی بووە)) هەر لەبەر ئەمەوە وێنەی کارەکتەرەکانیش واتە مەبەستمان لە وێنەی مرۆڤی ئاسایی و سادەی سەر بە ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردن، واتە وێنەی کەسانی ناو چیرۆکەکان ڕەنگدانەوەی خاسیەت و سروشتی ئەو کەسانەن کە لە ژیاندا ڕووبەڕوو دەبینەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین. بەڵام لە دوای ساڵانی حەفتاکان بەدواوە کارەکتەر گۆڕانی بەسەرداهات و هەروەک "سابیر ڕەشید" ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: ((لە چیرۆکی نوێی ئێستاکە تاکە پاڵەوانێکی بنیادەمیش ناگرێتەخۆ، بەڵکو جاری وا هەیە شوێنێک، بیرۆکەیەک، چەند کەسێ، تەیرێ، دارێک، بەردێک، بۆشاییەک، خەیاڵێک، مردووەکانی ناو گۆڕستانێک)) ئەمانە هەموویان دەشێ لە چیرۆکی نوێدا ڕۆڵی کارەکتەر ببینن. [ڕەشید،٢٠١٣،١٢٦،١٢٧]

هەر لەم سۆنگەیەشەوە لە چیرۆکی فەنتازیا ئامێزدا، کەوا "شعیب حلیفی" ئاماژەی پێ کردووە، کارەکتەری فەنتازی بەسەر دوو جۆرەوە دابەش دەکات:

١ (کارەکتەر لە جۆری مرۆڤ.

٢ (کارەکتەر لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ.

کە جۆری یەکەم، مەبەست لەم جۆرەیە هەروەک لە ناوەکەیشی دیارە ئەو کارەکتەرەیە کە لە شەکل و شێوەی مرۆڤێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام ئەم مرۆڤە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و هێزی سەرو واقیعە وەک: (خۆبزرکردن، هاتنەوە بۆ ناو فۆڕمی خۆی، تێپەڕین بە ناو دیوار و ماددە، لە بەرگێکەوە چوون بۆ بەرگێکی دیکە، بوونی دەسەڵات و هێزێکی ئەفسوناوی کە سنوورەکانی واقیعیەت و خەیاڵ ببڕێ) ئەمانە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکە کە چیرۆکنووس وەک جیاوازیەک لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە دەخاتە پاڵ کارەکتەرە فەنتازییەکانی .

جۆری دووەمیان کارەکتەر لە ڕووی جۆری بە دەر لە مرۆڤ: مەبەست لەم جۆرەش هەموو ئەو کارەکتەرانە لەخۆی دەگرێ کەوا مرۆڤ نین، ئەمە بەو واتایەی کە (مەرج نییە تەنها مرۆڤ ببێتە کارەکتەر، بەڵکوو دەکرێت کارەکتەر ئاژەڵ یان ڕووەک یان تەنانەت ڕۆحێکی نادیاریش بێت).

بۆ نموونە لەلای (عەبدوڵڵا سەڕاج) تابلۆیەک دەبێتە کارەکتەر و لەگەڵ خوێنەر دێتە دوان، یان لەلای (سەلاح عومەر) و (ئازاد بەرزنجی) تەرمێکە و لە ڕابردووی پێش مردنی خۆی دەدوێ. [سالح،٢٠١٦،١٠٧].

## بەشی دووەم

## تەوەرەی یەکەم:-

## کورتەیەک لە ژیان و ناساندنی نوسەر

جان دۆست لە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆبانێ لە ماڵباتێکی ئایینی لە دایکبووە، باوک ئەو مەلا بوو. ئەو لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژیی خوێندووە بەڵام تەواوی نەکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە ئاڵمانیادا دەژی.

جان دۆست سەرەتا بە شیعر دەستی بە کار کرد، یەکەمین دیوانی (قەڵای دمدم) ساڵی ١٩٩١ لە ئەڵمانیا و پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئەستەمبووڵدا بڵاویکردەوە. هەروەها (دیوانی جان) ی لە دوبەی و ئەستەمبوڵ چاپکرد. چەندین کتێبی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە. وەک مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کە ناوی ناوە (الدر الثمین فی شرح مم و زین)، بە چوار چاپ لە دیمەشق و بەیرووت و دهۆک بڵاوبووەوە، پاشان کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییە) ی مەلا مەحمووی بایەزیدی و ڕۆمانی (میرنامە) و دۆمانی (لابیرەنتا جنان - متاهە الجن) ی حەسەن مەتی بۆ پرۆژەی ئەلکەلیمە کردوونەتە عەرەبی و لە ئەبوزەبی چاپکراون. ئەمانە و جگە لە وەرگێڕانی ڕۆمانی (مژاباد) و (مارتینی بەختەوەر) بۆ عەرەبی. ئینجاش نووسینی دوو ڕۆمان بە زمانی عەرەبی بەناوی (دم عای المئذنە) و (عشیق المترجیم). هەروەها کۆمەڵێک شیعری سەییاب و هەردوو ڕۆمانی (مهاباد بەر بەئۆڵەمپیادا خودێ) و (پەڕ)ی سەلیم بەرەکاتی کردوونەتە کوردی. پاشان کتێبی (الحدیقە الناصریە) ی لە فارسییەوە کردووەتە عەرەبی و (قاموس بدائع اللغە) ی لە فارسییەوە کردووەتە کوردی. [https://ckb.m.wikipedie.org]

## پوختەی ڕۆمانی (میرنامە):

ئەوە مەرەکەبە

تێکەڵ بە خوێن و ڕۆندک دەکرێت

هەروەها بە ژاریش

دەشێت گیان بە بەردا بکاتەوە

یان ڕەنگە ڕۆح بکێشێت

ڕۆمانی میرنامە لە نووسینی «جان دۆست» نووسەری کوردی ڕۆژئاوا. بە وەرگێڕانی «سەباح ئیسماعیل» ڕۆمانێکە سەر بە ڕیالیزمی مێژووی یە، کە باس لە ژیان و لایەنە شاراوەکانی شاعیر و کەسایەتیی ناسراوی کورد دەکات ئەویش ئەحمەدی خانی(1651ز-1707ز)یە. ناونیشانی کتێبەکەش (میرنامە... شاعیر و میر)ە.

هاوکات ئەم ڕۆمانە بە مردنی خانی دەستپێدەکات لە سپێدەیەکی باراناوی و پاشانیش دوای بەدیکردنیان بە بارینی مەرەکەب سەرنجیان ڕەدەکێشرێ و دەکەونە گفت و مقۆ مقۆ. دواتر لە ڕێی ئەو کەسانەی یاخود گێڕەرەوەکانی ڕۆمانەکە، کە لە ناشتنەکەی خانیدا بەشداری دەکەن ژیانی خانی و هەندێ لە ڕازەکانی و نهێنی و جۆری مردنی لە دەمی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە دەگێڕدرێتەوە. نووسەر بە هۆی زانیارییەکی زۆر و وردەوە لەسەر سەردەمی خانی و لە سەر ژیانی ئەوکاتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە توانیویەتی وێنەیەکی زیندوومان پێ ببەخشێت بە شێوەیەک وا هەست دەکەین ڕۆمانەکە لە زەمانی خودی "خانی"دا نووسرابێت. ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەو گیانە ناتەبایەی "خانی"یە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا، بەتایبەت ئەو بەشەی کە تیشک خراوەتە سەری کەوا "خانی" تێیدا لەگەڵ میری سەرحەدان میر "عەبدولفەتاح" ناتەبا و ناکۆک بووە و دژی هەڵسوکەوتەکانی بووە، ئەم ناکۆکییەش تەنیا لەگەڵ میر نەبووە بەڵکوو لەگەڵ هەموو دەوروبەرەکەیدا ناتەبا و نامۆ بووە، هەر لە مەلای جزیری و بوهارییەوە بگرە تاوەکوو سەلیمی ناڵبەند. هەر کامێکیان بە جۆرێک و بە شێوەیەک ئەوە دەردەخەن کە گیانی ئەم نووسەرە نەگونجاو و نامۆ بووە بە سەردەمی خۆی.

"خانی" لە سەردەمەکەی خامەی دژ بە ستەمکاران تیژ بووە، کەوا لە مزگەوت بە گوتارەکانی و لە شیعرەکانیشی هانی خەڵکی دەدات بۆ دژوەستانەوەی میر و دەرەبەگە خۆفرۆشە بەرماوەخۆرە کوردەکان و نەچوونی کوردان و بەشداری نەکردنیان لە شەڕی سەفەوی و عوسمانیدا. وەهەروەها

هانیانی دەدا خۆیان نەکەنە سووتەمەنیی شەڕی داگیرکەران و لە دژیان بوەستنەوە، هەر وەک قەڵەم لەدەستێکی ئازاد و وەک ڕەخنەگرێک خۆی دەنواند، نەک ئەستۆخوار و زوڕناژەن و کەواسووری بەرلەشکری ستەمکار و داگیرکەران.

ئینجا هەر لەبەرئەمانەشە ئاگاداری دەکەنەوە، کە دەبێت لە گوتارەکانی مزگەوتیدا بە میردا هەڵ بدات و ستایشی بکات،"خانی"یش ڕەتی دەکاتەوە و دژ بەوانەش دەوەستێتەوە بەناوی دینەوە داوای غەزا دەکەن و لێدەگەڕێن براکان شیر و تیر لە یەکتر بسوون، چونکە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە میرانی کورد شیری تیژکراویان لە یەکتر هەڵکێشاوە و ڕەشەکوژییان لە بەرانبەر میلەتەکەی خۆیاندا ئەنجام داوە و چوونەتە نێو باوەشی دووژمنانەوە، کەچی هەر ئەمانیش لە ئاست دوژمناندا شیر لە کالان و دەست لەسەر سینە و ملکەچ بوونە.

وەهەروەها باسکردنی کۆمەڵێک بابەت لە (مەم و زین)، کە بۆ ئەوکاتە عەیبە و تابۆبووە، هۆکار بوو بۆ ئەوەی دژی "خانی" بوەستنەوە و دەیانگوت چۆن شتگەلی لەو بابەتە باس دەکات.

جگە لەمانەش سەبەب و هۆکاریتر ئەوە بووە وایاندەزانی کە لە دین دەرچووە، هەروەک "مەلا فەرید" باسی لێوەدەکات و دەڵێ: ((هەموو دبێژن شەیتانی نەفرەتی لە فەرمانی پەروەردگار دەرچووە و هەڵگەڕاوەتەوە، بۆیە شایانی نەفرەت و ئاگری هەتاهەتایی دۆزەخە. ئەی ئیتر چۆن خوالێخۆشبوو(خانی) لە کتێبەکەیدا باسی بێگوناهیی شەیتان و گوێڕایەلی و بەردەوامیی لەسەر خواپەرستی دەکات. چما دروستە کەسێکی ژیر بە ئیبلیسی ڕووڕەش بێژێت: ئیبلیسی بەستەزمان و بێگوناە! )). [جان دۆست،٢٠١٧،٨١،٨٢].

لە ئەنجامی ئەم کارانەو هۆکارگەلیتر میر پیلانی دەرمانخواردکردنی بۆ دادەڕێژێت، ئیدی "خانی" بە نەخۆشییەکی نادیار گیان لەدەست دەدات.

هەرچەند گومانی دەرمانخواردکردنیشی لە ئارادایە چونکە بە پێی قسەی چەند گێڕەرەوەیەک و تەنانەت خۆیشی وەک کارەکتەرێک، وا دەردەخەن کە ژەهراوی و دەرمانخوارد کرابێت لە لایەن کەسێکەوە، ئەویش "یاووز" ناسراو بە دەمولوتهەڵپێچراو.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەموو گومانەکان لەسەرئەوە و کەچی خۆشی دەڵێ: ((ئەز بیرۆکەی کوشتنی خانیم لە مێشکدا دەرنەهێنابوو، لێ بە هۆی ئەو و نووری ڕوخساریەوە لە کوشتن ڕەویمەوە)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٢٨].

وەهەروەها دەڵێ: ((سەیدا، خۆزگە دەمزانی کێ ئەم گیانە پاکەی لێ سەندیتەوە. قەستەم بە خودای پێش تۆ لە گۆڕم دەنا)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٢٨].

کەواتە هۆی نادیاری کۆچی دوایی "خانی" دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پارادۆکسە.

## پەیامی ڕۆمانی میرنامە

پەیام لەم ڕۆمانە دەرخستنی دیوە شاراوەکان و غامز و نامۆکانی سەردەمی ژیانی (ئەحمەدی خانی)یە، کە ئەم ڕۆمانە واتە نووسەرەکەی دێت، خۆی دەخزێنێتە نێو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی شاعیر بۆ ئەوەی ئاشنامان بکا بە شتگەلێک کەوا لیی ناحاڵین یاخود دەتوانین بڵێین ئەسڵەن پێیمان پێ نەبردووە، کە بەداخەوە ئەمەش بۆ نادانی و بێ ئاگابوونی ئێمە دەگەڕێتەوە.

ئەم ڕۆمانە دێت بە شێوەیەک باس دەکا کە "فلاشباک" ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لەوەی کە سەرەتا بەوە دەستپێدەکات خەریکی بەخاکسپاردنی (خانی)ین، هەموو ئەوانە لەوێ کۆبوونەتەوە هەریەکەیان دەبن بە گێڕەوە و شتگەلێک باس دەکەن و دەگێڕنەوە. وادەکات کە ڕۆڵی کارەکتەر ببینن لە ڕۆمانەکە و خۆیان لە ناویدا بدۆزنەوە.

ئینجا کە ئەم باس و خواسانە دەگێڕنەوە بە شێوەی فلاشباک دواتر وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ ساتی بە خاکسپاردنەکە.

ئینجا هەر لەمەوە بۆمان بەدەرەکەوێ هەیانە یارن لەگەڵ (مەلا ئەحمەد) هەیانە نەیار.

وەهەروەها پەیامێکی تر لەم ڕۆمانە کوردپەروەر بوونێکی پاک و بێگەردی (خانی)یمان بۆ دووپات ئەبێتەوە، کە هەردەم لەگەڵ یەکگرتوویی کورددایە و دژی ئەوەیە بچن بۆ نێو باوەشی بێگانە بەتایبەت دەوڵەتی عوسمانی .

لەسەر ئەمەش تووشی کێشە دەبێت و شتەکە وا لێدەکەن کە زۆرجار وا بیر بکەنەوە کە (خانی) دژ بە دینیش بێ.

بۆهۆی ئەم ڕۆمانە ئەمە بە هەڵەدەخرێتەوە و وا نییە.

وەهەروەها بە گژداچوونەوەی میر و دەرەبەگەکان لە "خانی" بەتایبەت میری سەرحەدان. ئایدۆلۆژیا هەڵەکانی ئەوان و خۆ زاڵ کردنیشیان بەسەر "خانی" ئاکامی خراپی لێکەوتەوە، چونکە ئەوان بێگانەپەرست بوون و شاعیری ناوبراویش نەتەوەپەرست، ئەمەش بە جۆرێک کە شاعیر ڕەخنەی لێ دەگرتن و ئامۆژگاری و دەعوای یەکگرتووی دەکرد بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر بێگانەپەرستی و دژایەتی کردنی کوردی ستەمدیدە.

خاڵێکی تر و پەیامێکی تر ئەوەیە "خانی" جەختی لە زمانی ڕەسەن دەکردەوە، کەچی هەبوو لاف و گەزافی بەسەر زمانی بێگانە لێدەدا و پێی شەرم بووە بە زمانی شیرینی کوردی شیعرەکانی گەڵاڵە بکات و هەگبەی ئەم زمانە دەوڵەمەند بکات و بپشکوێنێت. ئەوان دەیانگووت زمانی کوردی ڕەواجی نییە و شیعرەکانیان بەربڵاو و بەرچاو نابێت، بەڵام شاعیر هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەم زمانە چرۆ بکات و بە هەموومانەوە بتوانین بەرەو پێشی ببەین و وابکەین زێدەتر پەتی بین و چاومان لە وشەی بێگانەش نەبێت.

پەیامێکیتر ئەوەیە کەوا "مەم و زین"ی نووسی بەهۆی بابەتەکانی نێویەوە دژی وەستانەوە، دەیانگووت ئەمە پێچەوانەی کۆمەڵگایە. کەچی بابەتەکان ڕچەشکێن بوو و نوێگەری تێدا ڕەنگی دابوویەوە بەڵام بۆ ئەو سەردەمە نامۆبووە و بە جۆرێک لە (تابوو) سەیریان کردووە و تێی فکریون.

بە شێوەیەکی گشتی پەیامی ئەم ڕۆمانە و نووسەرەکەش ئەوەیە کە ڕاستیەکان بکات بە هەوێنی حاڵی بوون و زانینی ڕاستی و درووستی ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی شاعیر، سا ناحاڵی بوونمان و بێ ئاگاییمان نەبێتە هۆی غەدرکردن لەم کەڵەشاعیرە پاکە.

## بەشی دووەم

## تەوەرەی دووەم:-

## جۆرەکانی فەنتازیا لە (ڕۆمانەکەدا)

**١-فەنتازیای گۆڕانکاری:** ((بە زاتی پەروەردیگاری مەزن، مۆمەکەی ماڵی منیش سێ جاران کوژایەوە.

خەڵکەکە دەیانگوت ئەو شەوەی خانی تێیدا گیانی لەدەستدا، چراکەی ژوور سەری سێ جاران کوژایەوە، ئەو ڕووداوەش لە هەموو ماڵەکانی بایەزید دووبارە ببوەوە)). [جان دۆست،٢٠١٧،٨٧]

لێرەدا ئەوەی بە نمونە هێناومانەتەوە لە ڕۆمانەکەدا، کە چرایەکانی خەڵکی بایەزید و چرایەکەی ژوور سەری خانییە، کە تێیدا باس لەوە دەکات، کاتێک خانی دەمرێ مردنەکەی ئەوەندە ڕووداوێکی شوم بووە بۆ خەڵکەکە چرایەکان هەمووی هێکڕا دەکوژێنەوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە خانی زاتێکی زۆر مەزن بووە، بۆیە ئەم ڕووداوە، کە کوژانەوەی چرایەکانە ڕووداوێکی فەنتازییە و بریتییە لە فەنتازیای گۆڕانکاری، چونکە گۆڕانێنێکی کت و پڕ و لەناکاو لە چرایەکان ڕوویداوە و بۆتە هۆی خامۆش بونیان.

(ئەو دڵۆپە بارانانەی کە دەبارین، پەیتا پەیتا ڕەشی دایدەگرت، کاتێک تەیموری فاسق قیڕاندی: ئەی هاوار! ئەمە چییە! مەرەک دەبارێ). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٥]

ئەمەش نمونەیەکی ترە کە هێناومانەتەوە لەسەر فەنتازیای گۆڕانکاری لە ڕۆمانەکەدا، کە تێیدا باس لە ڕۆمانێک دەکات لە کاتی بەخاک سپاردنی خانی دەبارێت و پەیتا پەیتا رەش دەبێت و دەبێت بە مەرەکەب، تەنانەت دوای ئەوە باس لەوە دەکات، خەڵکەکە ئەوەی لە بەخاکسپاردنی ئامادەبوو سەیری بارانەکەیان کرد، کە ڕەشە! وتیان بەڕاستی مەرەکەب دەبارێ، دەی ئاخر ڕوودانی ڕووداوێکی لەو جۆرە فەنتازیا نییە؟!

بێگومان فەنتازیایە، بۆیە گۆڕانی باران بۆ مەرەکەب لە ڕۆمانەکەدا نمونەیەکە لە فەنتازیای گۆڕانکاری.

**٢-فەنتازیای سەفەر:** ئەم جۆرەی فەنتازیا، کە سەفەرکردنێکی فەنتازیا ئامێز و ناواقعییە، جا لەڕرووی کاتێ یان شوێن، کە وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدابوو، دوای گەڕان و توێژینەوەیەکی زۆر بەنێو ڕۆمانی میرنامە، ئەم جۆرەی فەنتازیامان تێدا بەدی نەکرد، بۆیە ئەو جۆرەی فەنتازیا، کە فەنتازیای سەفەرە لە ڕۆمانەکەدا بوونی نییە.

**٣-فەنتازیای جادوو:** شێخ سەیفەدین(تفی دەکردە چاوی ئەو کەسانەی، کە چاویان ئازاری هەبوو، دەمودەست ئازاریان نەدەما! دەستی بەسک ئەو ئافرەتانەدا دەهێنا، کە ئاوس نابوون و نەزۆک بوون، دوای دستپێداهێنان یەکسەر ئاوس دەبوون). [جان دۆست،٢٠١٧،١٤٣]

هەڵبەت لێرەدا ئەمە یەکێکە لەو نمونانەی، کە لە ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێ و ڕووداوێکی فەنتازییە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شێخ سەیفەدین کەسێکی جادووکەر بووە، چونکە ئەو ڕووداوانەی یان ئەو کارانەی ئەو کردوویەتی فەنتازیای جادوویی خوڵقاندووە.

هەتا "فەلەی حەکیم"یش لە ڕۆمانەکەدا بە جادووکەری ناودەبات، کە دەڵێ(ئەو جادووکەرە مانگای کەمشیر و مریشکی لە هێلکە چوو و کەسی نەزۆکی چارەدەکرد). [جان دۆست،٢٠١٧،١٤٨،١٤٩]

بۆیە تف کردنە چاو و ئەو جادووانەی شێخ سەیفەدین دەبن بە فەنتازیای جادوویی لە ڕۆمانەکەدا.

((خەتی ئەو ئەفسون و سیحر بوو نەک نوسین! خەتەکانی هێند جوان بوون، پیاو گوێی لە ئاوازیان دەبوو، ئەگەر کەسیش نەیخوێندایەتەوە، بەخۆیان خۆیان دەوێندەوە)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢١٩]

ئەوە نمونەیەکی ترە لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێ، کە باس لەو خەتە دەکات زۆر خەیاڵاوی و جادوویی بووە، وە خەتەکان ئەوەندە جادوویی بوونە پیاو دەتوانێ گوێ لە ئاوازی بگرێ.....هتد، کەوایە لێرەدا (خەت) فەنتازیای جادووییە، چونکە توانیویەتی کردی جادوو و فەنتازیا بەئاکام بگەیەنێت.

**٤- فەنتازیای تاریک:** ئەو جۆرەی فەنتازیا لە ڕۆمانەکەدا بەدی ناکرێ، چونکە ڕۆمانی میرنامە ڕۆمانێکی مێژووییە، بۆیە دەرفەتی ئەو جۆرەی فەنتازیا لە ڕۆمانێکی وادا سنورەکەی بەرتەسکە، هەر لەبەرئەوەش فەنتازیای تاریک بوونی نییە لە ڕۆمانەکەدا.

**٥- فەنتازیای تەمسیلی(هێمایی):** (ئەو ڕۆژەی خانیان ناشت، تەیموری فاسق شیراندی، وەی بابۆ مەرەکەب دەبارێ مەرەکەب. هەموو سەرمان بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، دڵۆپی ڕەش لەشێوەی دەنکە میسک و عەنبەر لەگەڵ بایەکەدا دەهاتن و دەچوون، هەر هێندە کەوتنە سەر دەستمان و بۆنمان کرد، بەڕاستی بۆنی مەرەکەبیان لێدەهات). [جان دۆست،٢٠١٧،١٦٩،١٧٠]

هەڵبەت لەو نمونەیەی سەرەوە جۆرێک لە فەنتازیا هەیە، کە ئەویش بارینی مەرەکەبە لەو ڕۆژەی، کە خانی بەخاکدەسپێردرا.

لێرەدا بارینی مەرەکەب لەکاتی ناشتنی خانی، هێمایە بۆ مردنی خانی و لەناوچونی مەرەکەب و نوسەر و کەسێکی وەک خانی، کە زۆر مەرەکەبی بەکاردەهێنا، کەواتە لێرەدا بەو شێوەی کە ئێمە لە ڕۆمانەکەدا پەیمان پێبرد، بارینی مەرەکەب بریتییە لە فەنتازیای تەمسیلی یان هێمایی.

لە نمونەیەکی تردا لە ڕۆمانەکە(ئەو شەوەی حەکیمی ئەرمەنی هات بۆ لای خانی و سەیری کرد، لە گرمەی با و بارانەکەدا بەگوییدا چرپاندین، ئەگەر ڕاستیتان ئەوێ گیان دەدات.

لەوشەوەدا، چرا و مۆمی گشت ماڵەکانی بایەزید، وەک چراکەی ژوور سەری خانی، سێ جاران کوژانەوە). [جان دۆست،١٦٨،٢٠١٧]

لێرەدا وەکو دەبینین باس لە مردن و کوژانەوەی مۆم و چراکان دەکرێت، بۆیە دەکرێ پەی بە جۆرێک لە فەنتازیا ببەین، کە ئەویش فەنتازیای تەمسیلییە.

چونکە کوژانەوەی چرا و مۆمەکان هێمایە بۆ مردنی خانی، چا لەبەرئەوەی خانی وەکو چرایەک بووە بۆ خەڵکی بایەزید و کورد بەگشتی، لەگەڵ خامۆشبوونی چرای گیانی خانی، هەموو چرایەکانی خەڵک و هەتا چراکەی ژوور سەری خۆشی دەکوژێتەوە.

**٦- فەنتازیای هەوڵدان:** فەنتازیای هەوڵدان یەکێک بوو لەو جۆرانەی، کە ئێمە دوای توێژینەوە لە ڕۆمانەکە بەدیمان نەکرد، بۆیە ئەتوانین بڵێین فەنتازیای هەوڵدان لە ڕۆمانەکەدا بوونی نییە.

**٧- فەنتازیای زانستی:** لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە هەڵگری پەیامێکی زانستی نییە و ناوەڕۆکێکی زانستی نییە، بۆیە هیچ جۆرە فەنتازیایەکی زانستیمان لە ڕۆمانەکەدا پەی پێنەبرد، هەر لەبەرئەوەش دەکرێ بڵێین بوونی نییە.

**٨- فەنتازیای فەلسەفی:** ((هەندەک بۆنی مردنی خۆیان دەکەن، هەندێکیش هەست بەتامەکەی دەکەن، هەندەکی دی هەن مردن بە چاو دەبینن، هەشن ترپەی پێیەکانی مردن دەبیستن، هەیشە دەستی لە ڕەقی، یاخۆ نەرمیی مەرگی خۆی دەدات)). [جان دۆست،٢٨،٢٠١٧]

لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کە گوزارشت لە مردن دەکرێ بە شێوەیەکی فەلسەفی، جا لەبەر ئەوەی مردن جۆرێک بە فەنتازیا کراوە، بە هۆکاری ئەوەیە کە هەستەوەری خراوەتە پاڵ و هەمیش فەنتازیای فەلسەفی ئەوەیە پرسیارگەلێک کە مرۆڤ بەردەوام فکری لێ دەکاتەوە بە دوای وەڵامیان دا دەگەڕێت، لێرەدا بەو شێوەیە باسی لە مردن کراوە و تێکەڵ بە باسەکە کراوە.

نموونەیەکیتر لە فەنتازیای فەلسەفی ئەوەیە کە دەڵێ: ((هەرچی پەپوولەیە، ئەوا خۆی دەهاوێتە ئاگرەوە و هیچ هێزێک نییە بەری بگرێت، کابەی ئەوینی پەروانە مۆمە و سەماکردنەکەیشی تەوافە. تاوەکو گیانیش دەبەخشێت بە دەوریدا دەخولێتەوە. هەتا لەناو ئاگری ئەڤیندا نەبێت، ئۆقرە ناگرێت، کاتێکیش ڕۆح دەسپێرێت، ئەوا دەنگ دەرناکات و بە ئارامی دەمرێت)). [جان دۆست،١٣٩،٢٠١٧]

واته لێرەدا باس لە ئەشقی پەروانە(پەپوولە) دەکات لەگەڵ مۆم.

کەوا ئەم پەپوولە لە دەور و خولی مۆم دەسورێتەوە و بێ ئەوەی باکی بەوە هەبێت کە بسووتێ و سەرەنجامیش هەر دەسووتێ. تەنانەت گلەیی ناکا و دەنگی لێوە نایەت هەتاوەکوو گیانیش دەدات و فەنا دەبێت بۆ هەتا هەتایە.

**٩- فەنتازیای تەنز:** لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە دوورە لە بەکارهاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەی فەنتازیای تەنزئامێز، بۆیە هیچ فەنتازیایەکی لەو جۆرەی تێدا بەدی ناکرێ، کەوایە ئەتوانین بڵێین فەنتازیای تەنز لە ڕۆمانەکەدا بوونی نییە.

## دۆخە دەروونیە فەنتازیەکان لە (ڕۆمانەکەدا)

**١- دۆنادۆنی فەنتازی:** ئەم دۆخە دەروونییە لە ڕۆمانەکەدا نییە ە بەدیمان نەکرد.

**٢-تێکەڵکردنی کەسایەتی:** ((سەیدا خانی: دەخوازم دەردەدڵی خۆم بە خەیاڵێکی هۆشیار و مەرەکەبێکی سەرخۆش بنووسم)). [جان دۆست،٢٠١٧،٣٠]

((بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکی ئەویندارییی مەم و زین بەژانتر و ڕەوانتر بهۆنمەوە)). [جان دۆست،٢٠١٧،٣١]

بە پشت بەستن بەم دوو گفتوگۆ بەڵگە ئامێزە دەتوانین تێکەڵکردنی کەسایەتی بێنینەدی، بەوەی کە کەسایەتی (خانی) واتە مەرەکەب و کەسایەتی (تەیمووری فاسق) واتە مەی.

جا لە هەمبەر ئەوەی هەریەکە لە خانی و تەیموور لە مقۆ مقۆدان و خانی دەڵێ:

((-تەمۆ، بۆ جاری داهاتوو ئەگەر توانیت کەمێک شەرابم بۆ بێنە.

-سەیدا!

-نا نا. ئەوە نییە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. دەخوازم تێکەڵ بەو مەرەکەبەی بکەم، کە مەم و زینی پێ دەنووسمەوە. دەخوازم دەردەدڵی خۆم بە خەیاڵێکی هۆشیار و مەرەکەبێکی سەرخۆش بنووسم)). [جان دۆست،٢٠١٧،٣٠]

خانی بە تەیموور دەڵێ کەوا مەی"یەکەی دەستی تەیموور تێکەڵ بە مەرەکەبی بکا بۆ ئەوەی بە خەیاڵێکی سەرخۆشانە و مەستانە چیرۆکەکەی دابڕێژێ. بەمەش ئەوەمان بۆ دەرەکەوێ کە کەسایەتییەکانیان تێکەڵاوی یەکتر دەبن هەریەکە لە کەسایەتی مەرەکەبی نووسەرێک(خانی) و مەیی مەیخۆرێک(تەیموور).

**٣-هاودەمێتی:** بە حوکمی ئەوەی کە ئەمە بە واتای یەکگرتنی دوو کەسایەتی دێت لە یەک کەسدا، واتە کەسایەتییەکە ڕۆڵی خراپ و باشیش دەبینێ. ئێمەش نموونە بە دەمولووتهەڵپێچراو (یاووز) دێنینەوە. کەسایەتییە خراپەکەی ناخ و هەڵسووکەوتە خراپەکانی خۆیەتی کەوا خودی خۆی باسی لێوە دەکرد و دەیگوت: ((سەری زەلامێک و سەلکەپیوازێک لای من وەک یەک وا بوون)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٢٣]

((چەندێک خەتەکەم جوان بوو، ئەوەندەش پیلانەکانم بۆ کوشتنی نەیارەکانم تۆکمە و توندوتۆڵ بوون. بە چەندین شێواز جێبەجێم دەکرد بە ژەهر، خەنجەر، خنکاندن بە پەت و هەناسەلەبەربڕین..)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٢٣]

واتە ئەمانە و شتگەلیتر کە بەڵگەی کەسایەتی خراپی یاوزن. بەڵام کەسایەتییە باشەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای خراپییەکەی کەسێکی دڵ باش و میهرەبان و بەزەیی لێ دەرچوو. هەمیش دەوران بەم زروفەی گەیاندبووە، تەنانەت لە کوشتنی خانی پەشیمان بوویەوە و زانی پیاوێکە نابێ بکوژرێ و سوێندیشی خوارد کە نەیکووشتووە. چونکە بەزەیی پیاداهاتەوە بە جۆرێک تا ئێستا بەزەیی وا بە کەسیتر نەهاتبوویەوە. پاشان دەڵێت: (( ئەز بیرۆکەی کووشتنی خانیم لە مێشکمدا دەرنەهێنابوو، لێ بەهۆی ئەو و نووری ڕوخساریەوە لە کوشتن ڕەویمەوە و وەڕس بووم، ئیدی وام لێ هات دەستم نەدەچووە پاسارییەکیش)). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٢٨]

کەواتە لێرەدا کەسایەتییەکەمان لەهەمان کات خراپێکی دڕندە و باشێکی بەبەزەییە.

## کارەکتەرە فەنتازییەکان لە (ڕۆمانەکەدا)

**١-کارەکتەری فەنتازی لە جۆری مرۆڤ:** ((میرزا سەبری، کە لەدواوە گۆشەیەکی تەرمەکەی هەڵگرتبوو، دەستی ڕاستی لە کفنەکەدا، درکی بەوەکرد کفنەکە تەڕ نەبووە، مچورکێکی پەنهان دایگرت و بەگوێی مەلا فەریدا، کە بەتەنیشتیەوە تەرمەکەی هەڵگرتبوو، چپاندی: ماوەیەکە ئێمە بەژێر باراندا ڕێدەکەین، کەچی هێشتانەکینێ کفنەکەی سەیدا وشکە و تەڕ نەبووە)). [جان دۆست،٢٠١٧،١٩]

لێرەدا ئەگەر بڕوانینە ئەو نمونەیەی هێناومانەتەوە، هەست بەوە دەکەین، کە خانی کارەکتەرێکی فەنتازییە، چونکە ئەو سپێدەیەی، کە تێیدا خانی بە خاک سپێردرا، بارانێکی بەخوڕ دەباری، کە پێیان وابوو مەرەکەبە، لەکاتێکدا خەڵکەکەی بایەزید ئەوەی لە بە خاکسپاردنەکە ئامادەبوو هەموویان لەشیان تەڕبوو، کەچی سەیدا کفنەکەی هەر بەوشکی مایەوە و تەڕ نەبوو!

بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەوەی کە وەکو نمونە بەرچاومان کەوت، تەنها نمونەی ئەحمەدی خانی بوو، سەبارەت بەوەی کە کەسایەتییەکی فەنتازی بێت.

**٢-کارەکتەری ئاژەڵ و باڵندە:** (کاتێک لە چەنگ بووم و ئەسپەکەی من کەوتە نێو ئاوەکە و خنکا، من مەلەم نەدەزانی و نەمدەتوانی مەلەبکەم، لێ لەوکاتەدا ئەسپێک لەنێو ڕووبارەکەدا هاتە دەرەوە، دەتگوت ئاژەڵێکی دەریاییە و ژیانی لەنێو شەپۆلان و ئاوی دەریاکاندا گوزەراندووە.

ئەسپێکی ئەوەندە بەهێز بوو، بەنێو گیزەی گوللە و گرمەی تۆپ و هاژەی ڕووبارەکەدا ڕێی دەکرد و بەبێ ئەوەی هیچ شتێک کاری تێبکات!). [جان دۆست،٢٠١٧،١١٧،١١٨]

ئەگەر سەیری ئەو نمونەیە بکەین، دەبینین ئەوە یەکێکە لەو نمونانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێ و کارەکتەرێکی فەنتازییە، لێرەدا نمونەی ئەسپێکمان هەیە کە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە و توانایەکی لەڕادەبەدەری پێبەخشراوە لە ڕۆمانەکەدا، کە لە واقعدا ئەسپێک ئەو توانا و هێزەی نییە و کارەکتەرێکە بەفەنتازیاکراوە لەلایەن نوسەرەوە.

بۆیە ئەوە یەکێکە لەو نمونانەی کە ئێمە لە توێژینەوەکەماندا لە ڕۆمانەکەدا درکی پێدەکەین، ئەویش لەجۆری کارەکتەری فەنتازی ئاژەڵە.

له نمونەیەکی تردا لە ڕۆمانەکەدا،(پەپولەیەک لەو گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەفڕێ و لەوگوڵ بۆ ئەو گوڵ دەڕۆیی و شیلەی هەڵدەمژین، زۆر خێرا و بەپەلە بوو، ئا لەوکاتەدا بانگی پەروانەکەم کرد، خوشکە پەپولە، بۆچی ئەوەندە بەپەلەی؟ ئەوە شێت بووی؟ پەپولەکە نیشتەوە و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کابرای بەتەمەن). [جان دۆست،٢٠١٧،٢٠٨]

ئەوەش یەکێکە لەو نمونانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت، کەتێیدا پەروانەیەک قسە یاخود گفتوگۆ لەگەڵ کابرایەکی بەتەمەن دەکات، ئاخر پەروانە و گفتوگۆ چۆن دەبێ!

هەتا لەدوای ئەوە لە ڕۆمانەکەدا جنێو و تانە لە کابرای بەتەمەنیش ئەدات، بۆیە گفتوگۆی قسەکردنی پەروانەیەک لەگەڵ مرۆڤێک بەڕاستی فەنتازیائامێزە، لێرەدا ئەوەی ئێمە پەی پێدەبەین لەو نمونەیەدا، پەروانە کارەکتەرێکی فەنتازییە، کە بریتییە لە باڵندە.

**٣-کارەکتەری بێ گیان:** (ئەو بارانە ڕەشەی کەببووە مەرەکەب و بەسەر کفنی ئەحمەدی خانیدا دەباری، دەبووە هەڵم و کفنەکەش هەر بە وشکی دەمایەوە و تەڕ نەدەبوو). [جان دۆست،٢٠١٧،٧٩]

لێرەدا وەکو دەبینین بارانی مەرەکەب فەنتازیائامێزە، کاتێک دەبارێت و کفنی خانی تڕ ناکات و دەبێتە هەڵم.

مەرەکەب لەڕۆمانەکەدا کارەکتەرێکی سەرەکییە و لە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت، بەڵام کارەکتەرێکی بێ گیانە، لێردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر خودی ئەو مەرەکەبەی کە خانی بەکاری دەهێنا و پەیڤەکانی خانی جوانتر و باشتر و ڕازاوە تر دەکرد، لەکاتی بەخاکسپاردنی لە ئاسمانەوە باری و نەبووە هۆی تەڕبوونی کفنی خانی!

بۆیە مەرەکەب یەکێکە لەو نمونانەی کە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ و بریتییە لە کارەکتەری لە کارەکتەری فەنتازی بێ گیان.

((بە پەروەردیگاری مەزن، مۆمەکان بەدەیان جار کوژانەوە، بەڕادەیەک، خوڵامەکان پێڕانەدەگەیشتن مۆم بە مۆم دابگیرسێنن. تا میری نەژادپاکمان خەنییەوە و گوتی: ئەمە چ شەوێکە! دەڵێی با گەڕی لە مۆمان ئاڵاندووە)). [جان دۆست،٢٠١٧،٩٦]

بەهەمان شێوەی مەرەکەب، مۆمیش ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ڕۆمانەکەدا و کارەکتەرێکی بێ گیانە، وەکو دەبینین لە نمونەکەدا مۆم و چراکان کارەکتەرێکی فەنتازین، چونکە چرا و مۆمەکان پێش مردنی خانی دایم گەشاوە و پڕ ڕووناکی بوون، ئێستا بۆچی هەمووی هێکڕا خامۆش بوون و حەزی هەڵبوونەوەیان لە گۆڕنا!

کەواتە چراکان نمونەیەکی دیارن لە ڕۆمانەکەدا، کە کارەکتەری فەنتازی بێ گیانن.

***ئەنجام:***

١-ڕۆمانی "میرنامە"ی جان دۆست، زۆربەی هەرەزۆری فەنتازیایەکانی لەخۆ گرتووە.

٢-لەنێو هەموو جۆرەکانی فەنتازیا، زیاتر گرینگی بە دروستکردنی کەسایەتی فەنتازی دراوە، کە ژمارەیان لەسەرووی بیست کارەکتەرە.

٣-ئەحمەدی خانی شاعیری گەورەی کورد لەم ڕۆمانەدا وەکو کەسایەتییەکی فەنتازی، سەرلەنوێ کەسایەتییەکەی بنیاد نراوەتەوە و لە نێو خۆفرۆشی و چوونە نێو باوەشی دوژمنانی کورد بەرگری دەکات و بەو هۆیەش کەوتۆتە بەر شاڵاوی ڕەخنە و توانجی هاونەتەوەکانی خۆی.

٤-ئەگەرچی ڕۆمان نوس تەواوی کەسایەتی خانی و ڕووداوەکانی لە فەنتازیا هەڵکێشاوە، بەڵاب ئاستی زمانی ڕۆمانەکەی هاوچەرخانە دەربڕیووە، کە نەوەی ئێستاش بە سانایی تێبگەن.

## سەرچاوەکان

### کتێب:

- جان دۆست،میرنامە،وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل،چاپی سێیەم،تاران، ٢٠١٧ .

- ڕەشید،سابیر(٢٠٠٥)،چیرۆکی کوردی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٥.

- ڕەسوڵ،تەها ئەحمەد(٢٠٠٩)،فەنتازیای داخراو،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی، ٢٠٠٩ .

- سیوەیلی،ڕێبوار(٢٠٠٧)،فەنتازیای خواردن، بڵاوکراوەکانی خەندان، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

- سەعید،ئازاد محمد(٢٠٢٣)،فەنتازیا لەڕۆمانی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،٢٠٢٣.

-عەلی،ڕوناک سەلاح(٢٠١٧)،هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر،٢٠١٧.

- قەرەداغی،عەتا(٢٠٠٨)،فەنتازیای گەڕانەوە،چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٨ .

### فەرهەنگ

-قەرەداغی،حەمە ڕەشید(٢٠٠٦)،فەرهەنگی ئازادی(ئینگلیزی-کوردی)،چاپی یەکەم،چاپخانەی اسوە،دەزگای چاپ و نەشری احسان،٢٠٠٦.

### لێکۆڵینەوە

-سالح،سەلیم رەشید(٢٠١٦)،ڕۆڵی فەنتازیا لە پێکهاتەسەرەکییەکانی چیرۆکی نوێی کوردی،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،٢٠١٦.

**وتار:**


- ادب فنتازي، ويكبيديا، ٢٠٢٣/١٠/٥

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D8%AF%D8%A8_%D9%81%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%A7%D8%B2%D9%8A

-فەنتازیا،ویکیپیدیا،٢٠٢٣/١٢/٣

https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%D9%81%DB%95%D9%86%D8%AA%D8%A7%D8%B2%DB%8C%D8%A7

-الفرقه بين الواقعيه السحريه والفانتازيا،عمون،٢٠٢٤/٢/٢٤

https://www.ammonnews.net/mobile/article/806870

-جان دۆست،ویکیپیدیا،٢٠٢٤/٣/١٠

(https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D8%A7%D9%86_%D8%AF%DB%86%D8%B3%D8%AA)

-ما هى العلاقه بين الخيال والواقع فى روايات الفانتازيا؟،اجابه،٢٠٢٤/٢/٢٤

https://www.ejaba.com/tag/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A9-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%8A%D8%A7%D9%84-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%A7%D9%82%D8%B9-%D9%81%D9%8A-%D8%B1%D9%88%D8%A7%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%A7%D8%B2%D9%8A%D8%A7